# ژیلەمۆ
# JILEMO

کۆڤارێکی پاژێی هونەرییە

ژمارە(١٥)     ساڵی چوارەم     بەهاری ٢٠٠١

شانۆیی   ترۆتسکی لە دووڕخراوگە   ل٣

چیرۆك   بەهیوای هیوا   ل١٤

گفتوگۆ   هونەرمەند سمکۆ ئەحمەد   ل٢٦

هۆنراوەو پەخشان   ل٢٩
لە یادی کۆمۆنەی (پاریس)ا
وورد بوونەوە
پرسیار
دەلیم گەری
مەرگی ئاشتیی و شەری ژیان

تەنز   خلـەو بلــە   ل٤٦

ناساندن نازم حیکمەت   ل٥٢

گاڵتەو گەپ   خاتەسوور   ل٦٤

سەرگەرمی   خشتەك   ل٦٦

تایپ و مۆنتاژ:
ئۆژین ئەحمەد

ناونیشانی پۆستی: JILEMO
Postfach 912215
51093 KOELN
GERMANY

پۆستی ئەلەکترۆنی:
jilemo@hotmail.com
لەسەر ئینتیرنیت :
http://www.jilemo.cjb.net

# ترۆتسکی لە دوورخراوگە   ن.: پتەرڤایز

## دوژمنی گەل

ترۆتسکی دادەنیشێت. بە دووربین سەیری دەوروبەر دەکات. ناتالیا دێتە ژوورەوە.

**ناتالیا** :

لێروکانە بێجگە لە گەلەگا و شورەیەك چ دەبینی ؟ بۆچ کورسییەکەت وەرناسوڕێنیت ؟ ئەو ڕۆخی دەریایە لەوێندەرێ.

( ترۆتسکی هەلدەستیتەوە. ناتالیا لە گۆرینی بـاری کورسـییەکەدا یارمـەتی دەدات. دووبـارە دادەنیشیتەوە ).

**ترۆتسکی** :

جیاوازی نیوان دیمەنی جوانو دیمەنی کەمتر جوان چییە ؟

( بەدووربین سەیر دەکات ).

ئەوە گوندیکە لەویندەرێ. ناوی چییە ؟ من هەمیشە شت لەبیردەکەم.

**ناتالیا** :

هونیفوس.

**ترۆتسکی** :

ئای گەر بزانی ماوەیەکی کەم بەرلـە ئیسـتا بەتـەواوی نـاوی ئـەم شـوینەی کـە تییدایـن نەمدەزانی. بیجگـە لەچۆلـەوانی چ نـابینم. بـەلێ. هونیفـوس. بـەلێ. ولاّتـی نـەرویژ. وا ئۆتۆمـەبیلیك بەرەو ئیرە دیت.

**ناتالیا** :

ئەوە دکتۆرە.

**ترۆتسکی** :

رادیۆ سازەکە هات ؟ ئانتینەکەی چاککردەوە ؟

**ناتالیا** :

بەلێ دەتوانین گوێ لە ئیستگەی مۆسکۆ رادیرین.

( دکتۆرو هاریکارەکەی دینە ژوورەوە. دکتۆرەکە یەکسەرە بەرەو ترۆتسکی دەچیت. هاریکارەکەی

لەژوورەکەدا دەسووڕێتەوە. بە ڕاستوچەپدا دەڕوانێت وەك کەسێك کە لە دووی شتێك بگەڕێت. چاودەبڕێتە کاخەزەکانی سەرمێزەکە).

**ترۆتسکی** :

هەناسە تەنگی. فشار لەسەر سنگ. لێدانی ناسروشتی دڵ. هەندێك جار لێدانەکانی زیاد دەبن. سەرگێژە. لەبیرکردن. بەڵێ لەبیرکردنێکی تەواو .

**دکتۆر** :

کراسەکەت داکەنە.

( تروتسکی چاکەتو کراسەکەی دادەکەنێت. دکتۆر بیسەرەکەی لەسەر سنگی ترۆتسکی دادەنێت).

( ترۆتسکی بەدژواریو پارێزەوە دەکۆکێت).

( دکتورەکە دووبارە پێدەکەنێت. ترۆتسکی هەڵدەستێتەوە).

بۆری هەناسەو دڵت باشن. سنگیشت زۆرباشە.

**ترۆتسکی** :

بەڵام شەوانە. خەوم لێناکەوێت. لەناو ئارەقەدا دەخوسێم.

**دکتۆر** :

زۆر بیرکردنەوەو هیلاکی مێشکە. ئەوەیە. بەڵێ ئەوەیە

(قا قا پێدەکەنێت ).

**ترۆتسکی** :

بۆچ پێدەکەنیت ؟

**دکتۆر** :

ئەبسن دەناسیت ؟ دوژمنی گەل دەناسیت. تۆ دکتۆر ستۆکمانیت تا ماویت. تاکە گورگ. ئەو مرۆڤەی کە لەگەڵ شێوازی گشتیدا ناگونجێت. مرۆڤێك کە چەکەکەی فڕێ نادات.

**ترۆتسکی** :

ستۆکمان، وەك لەبیرم بێت، ئەوەی کە لە شارەکەیدا پەی بە گەندەڵی برد.

**دکتۆر** :

هەرچەندە لە هەندێك شتدا ڕاستی کردبێت، بەڵام دواجار دۆڕاندی. لێوەشاوەیی گواستنەوەی زانیارییەکانی بۆ کەسانیتری تێدانەبوو. ڕکی لەخەڵك دەبووەوە، لە جەماوەر ئەو زۆربە نەفرەتاوییە. ڕۆشنبیرێکی ئۆرۆستۆکراتی بوو. کەسایەتییەکی تاککەوتە بەواتایەکیتر

کەسایەتییەکی تێکشکاو. دێتەوە بیرت کە چۆن لە کۆتاییدا باوەڕەکەی بە پرۆزانو ئازاروە تەواو دەکات کاتێك کە دەڵێت : بەهێزترینی بەهێزەکان ئەوکەسەیە کە تەنیا ڕاوەستێت.

( دکتۆرەکە پێدەکەنێت. ترۆتسکی هەڵدەستێتەوە).

**ترۆتسکی** :

بۆچی ؟

( دکتۆرەکە پێدەکەنێ. ترۆتسکی ئاوڕ لە هاوکاری دکتۆرەکە دەداتەوە ).

ئەی تۆ ؟ پێم بڵێ لەچی دەگەڕێی ؟ بۆچ لە کاغەزەکانم ورد دەبیتەوە ؟

(بەدەم پێکەنینەوە دکتۆرو هاوکارەکەی دەچنە دەرەوە ، ناتالیا دێتە ژوورەوە).

دەبێت بە نودسێن بلێن پاسەوانیمان بۆ دابین بکات. هەرکەس دەتوانێ بەبێ ڕێگری بێتە ژوورەوەو دەرچێتە دەرەوە. ئەوە کێیە ؟ دکتۆر نییە.

(لەلای دواوەی شانۆکە لێکۆلەرەوەیەکی دادگەکانی مۆسکۆدا دەردەکەوێ . قسەکانی باش نایێنە بەرگوێ. جارجار پێیدەبڕن ) .

**لێکۆلەر** :

پشکنینە سەرەتاییەکان نیشانیانداوە کە تاوانباران لەسەر ڕێنوێنییەکانی ترۆتسکی، ئەو دژە گەلەی کە ئێستاکە لە دەرەوەی وڵات دەژی، بە چالاکی دژە خۆنیو پەستانە هەستاون، بەڵگەش دەخەینە ڕوو کە چالاکی ئەم دەستە ترۆتسکیستە دژە شۆڕشە ژیانی سەرکردە هەڵکەوتووەکانی پارتو لێپرسراوانی میری خستۆتە مەترسییەوە (پارازێت). ئامانجی ئەوە بوو کە دەست بەسەر هێزی ئابووریو سەربازیماندا بگرێت، دنەی فاسیشتەکان بدات بۆ هەستان بە هێرشێکی چەکدارانەو، یارمەتی بیانییە کان بدەن لە داگیر کردنو دابەشکردنی خاکمان، دەسەڵاتی سۆڤیەتی بڕوخێ و ڕژێمی سەرمایەداری بگەڕێتەوە (پارازێت) . ئەم گەندە خۆرە نەفرەتاویانە . لادەرانە. سیخۆرو تیرۆرستانە . ئەم کۆمەڵە پەستە لە چاوچنۆكو خراپکاران (پارازێت) تاوانباران: زینۆڤیف، خێمینیف، سەمیرنۆف، ڕیکۆف، مراچکۆفسکی، بیاتاکۆف، ڕادیك، بوخارین، ڕاکۆفسکی، ئەنتوانوف، شلیابنکۆف، تۆخاچیفسکی.

( زینۆڤیف، خێمینیف، سەمیرنۆف، مراچکۆفسکی، بیاتاکۆف، ڕادیك، بوخارین، ڕاکۆفسکی، گەواهیدەر زاڤۆنۆڤا دێتە ژوورەوە. لەهۆلی دادگە ڕادەگیرێن. ناتالیا لە دواوەی هۆڵەکە دانیشتووە. ترۆتسکی لەپێشەوە بەسنگی ڕووتەوە ڕاوەستاوە، کراسەکەی بەدەستییەوەیەتی .)

تاوانبار مراچکۆڤسکی تۆ لە هەرە نزیکەکانی ترۆتسکی بووی. تۆلە سالی ١٩٢٣وە شانبەشانی وی دژی یەکیتی سۆڤیەت هەلدەسوریی. هەروەها تۆ ئەندامی لیژنە بووی لە ریکخراوی ترۆتسکیستی دەستبەسەرکراودا .

**مراچکۆڤسکی** :

کاتیك کە سالی ١٩٢٩، لە دوورخراوگە گەرامەوە، راگەیاندنیکەم ئیمزا کرد کە لایەنگری هیلی گشتی پارت دەکات. بەلام لەراستیدا وەك بەکریَ گیراویکی دووسەرە، بۆ دریژەدان بەجەنگ دژی پارت لە دوورخراوگەوە گەرامەوە.

سالی ١٩٣١کۆمەلەکەمان بەبیَ پەردە مەسەلەی تیرۆری دایە بەرباس. وە سەمیرنۆڤ راگەیاندنیکی نیوخۆی ئاراستە کراو لەلایەن ترۆتسکیەوە پیگەیاندین کە سیدۆڤ کوری ترۆتسکی لە بەرلین دابوویە دەستی.

**لیکۆلەر** :

ئەم راگەیاندنە ناوخۆیە چیدەلیَ ؟

**مراچکۆڤسکی** :

هەتا سەرکردەکانی پارت لا نەدەین، ناگەینە دەسەلات ؟

**لیکۆلەر** :

مەبەست لە لادانی سەرکردەکانی پارت چییە ؟

**مراچکۆڤسکی** :

واتە کوشتنیان. بەلام کۆمەلەی ترۆتسکیستەکان کەم هیزبوون، لەبەر ئەوە پیشنیاری مەسەلەی هاوکاریان لەگەل کۆمەلە دژی شۆرشەکان کرد. وە ترۆتسکی حەزی بە یەکگرتن لەگەل کۆمەلەی زینۆڤیف بوو، بەلام وتی کە کۆمەلەگەری دەبیت لەسەر بنەمای تیرۆر پیك بیت .

**لیکۆلەر** :

تاوانبار زینۆڤیف. لەکەیەوە ئەم ریکخراوە هاوبەشەتان ریکخستووە ؟

**زینۆڤیف** :

لە هاوینی ١٩٣٢دا.

**لیکۆلەر** :

نەخشەکانی چی بوون ؟

**زینۆڤیف** :

گرنگترین ئامانجی بەریخستنی تیرۆرکاری بوو.

**لیکۆلەر** :

دژی کێ ؟

**زینۆڤیف** :

دژی سەرکردە گەورەکانی پارت .

**لیکۆلەر** :

تاوانبار سەمیرنۆڤ. ئایا ئەم راگەیاندنەی کە تیدا داوای پەنابردن بۆ تیرۆر دەکا لە ترۆتسکیت وەرگرت ؟

( سەمیرنۆڤ بیدەنگە دەکات).

تاوانبار مراچکۆڤسکی. ئایا چاوت بە سەمیرنۆڤ کەوت دوای گەرانەوەی لەبەرلین ؟

**مراچکۆڤسکی** :

بەلێ .

**لیکۆلەر** :

ئایا قسەت لەگەلدا کرد ؟

**مراچکۆڤسکی** :

بەلێ .

**لیکۆلەر** :

لە هەمان کاتدا لەگەڵ زاڤۆنۆڤا ؟

**مراچکۆڤسکی** :

بەلی .

**لیکۆلەر** :

سەمیرنۆڤ، گویت لییە چی دەلێ ؟

(سەمیرنۆڤ بیدەنگەی لیدەکا) .

تاوانبار زینۆڤیف. ئایا کۆمەلەکەت لەگەل کۆمەلەکەی ترۆتسکی لەسەر بنەمای تیرۆر یەکخست؟

**زینۆڤیف** :

بەلێ. مە باوەری پتەومان بەوە هەبوو کە بەهەر نرخیك بووە دەبیت سەرکردەکانی

پارت لەناو ببرین. ئەوان‌و ترۆتسکی لەناو ببرین.

**لیکۆلەر** :

تاوانبار زینۆڤیف.

تۆو خیمینیف زۆرجاران ریگەی جیاوازتان گرتۆتەبەر. هەولتان دەدا لەروالەتی دلسۆزیدا بۆ پارت خۆتان نیشان بدەن. لەهەمان کاتیشدا، بەخۆتان کاری تیرۆریستیتان دژی سەرکردەکانی پارت ریکدەخست. ئایا دان بەو تاوانە بیشەرمانەیەدا دەنین ؟

**زینوڤیف** :

بەلێ.

**لیکۆلەر** :

هەمان پرسیار ئاراستەی خیمینیف دەکەم :

**خیمینیف** :

بەلێ دانی پیادەنیم‌و دەیدرکینم.

**لیکۆلەر** :

تاوانبار خیمینیف. چۆن لایەنگریت لە پارت لە راگەیاندنەکەی سالی ١٩٣٣دا لیک بدەینەوە؟ ئایا فریودان بوو ؟

**خیمینیف** :

خراپتر لە فریودان.

**لیکۆلەر** :

ستەم ؟

**خیمینیف** :

خراپتر لە ستەم.

**لیکۆلەر** :

خراپتر لە فریودان. خراپتر لە ستەم چیتر هەیە ؟ دژەخونی ؟

**خیمینیف** :

تەواوە.

**لیکۆلەر** :

چی پالی پیوەنای بۆ ئەوە ؟

**خیمینیف** :

گشت هیوایەکمان لە کەرتکردنی سەرکردایەتی پارت لەدەستدا. ئا ئەمە خستینیە بەردەم دووریانی هەلبژاردن : یان ئەوەی مل بە واقیعەکە بدەین. یان ئەوەی کە هەنگاویك لەهەولەکەمان هەلگرین _ لەگەل لەدەستدانی هیوا بە هەرجۆرە پشتیوانییەکی جەماوەری،و بەبێ بناخەی سیاسی یان بیروباوەری _ ئەوەش هەستان بە تیرۆرکاری تاکەکەسی بوو. ریگەی دووەممان هەلبژیرد.

دەستەمۆی کینەدۆزی دژی سەرکردەکانی پارتو چاوبرینە دەسەلاتمان بووین.

**لیکۆلەر** :

دژایەتیت بۆ سەرکردایەتی پارتو دەولەت پشت ئەستوور بوو بە پالنەری درۆزنانە کە ئارەزووی دەسەلات دەیبزواند. ئاوا نەبوو ؟

**خیمینیف** :

بەلێ. چاوبرینی کۆمەلیك لە دەسەلات.

**لیکۆلەر** :

ئایا ئەمە پەیوەندی بە سۆشیالیزمەوە هەیە ؟

**خیمینیف** :

هیچ پەیوەندییەکی نییە، بیجگە لەو شتگەلە هاوبەشانەی نیوان شۆرشو دژە شۆرش.

**لیکۆلەر** :

کەواتە تۆ لەریزی دژە شۆرشدایت ؟

خیمینیف :

بەلێ.

**لیکۆلەر** :

هیرشەکەشتان بۆ سەر سۆشیالیزم هیرشیکی بەمەبەست بوو ؟

**خیمینیف** :

بەلێ. هیرشیکی بە مەبەست بوو بۆسەر پارتو دەولەت کە ولات بەرەو سۆشیالیزم دەبەن.

**لیکۆلەر** :

کەواتە تۆ دژی سۆشیالیزمیشی ؟

**خیمینیف** :

داوەرییەکەت داوەرییەکی میژوونووسانەو لیکۆلەرەوانەیە.

**لیکۆلەر** :

تاوانبار سەمیرنۆڤ. تۆ هاوەلی گیانی بەگیانی ترۆتسکیت. تۆ بە سەرۆکی ناوەندی ترۆتسکیستەکان ناسراوی. تۆ رینوینییەکانی ترۆتسکیت بە ریکخراوەکەت گەیاندووە کە خوازیاری بەکارهینانی توندوتیژیو تیرۆرە.

**سەمیرنۆڤ** :

پیم وانەبوو کە ئەم زانیاریانە وەها لیکدەدرینەوە کە رینوینی دیاریکراون لە ترۆتسکییەوە.

**لیکۆلەر** :

تاوانبار مراچکۆڤسکی. چی لە راگەیاندنە ناوخۆییەکەی ترۆتسکیدا هاتبوو ؟

**مراچکۆڤسکی** :

ئەوەی تییدا هاتبوو کە شیوە کۆنەکانی شەرمان کولبوون. پیویستە لەسەرمان هەولی شیوەی زۆر توندوتیژتر بدەین. هەروەها تییدا هاتووە کە باوەریکی منالانەیە پیمان وابیت دەتوانریت بیروکراتییەت لەریگەی شۆرشەوە لەناو کۆنگرەی سۆڤیەتیدا تیك بشکینریت، شیوازی کۆن بۆ روخاندنی سەرکردایەتی پارتو دەولەت کارا نییە. تەنیا ریگە بۆ روخاندنیان بەکارهینانی هیزە.

( ترۆتسکی رادەچەنیت)

**ترۆتسکی** :

بەلێ، هیزی شۆرشگیرانە. ئەمە ئەوەیە کە لەنامەیەکی کراوەدا نووسیومە نەك لە راگەیاندنی نهینیدا. وتومە کە دەبیت دەسەلات بگویزریتەوە دەست پیشرەوانی پرۆلیتاریا. هەرکەس بیەویت دەتوانیت بروانیتە نامەکە. من داوای گەرانەوە بۆ سەر رەسەنیەتی شۆرشگیرانەم کردووەو ئیوە راستییەکان دەشیوینن. مەسەلەکان دەکەنە پیلانگیرییەك لە تیرۆری تاکە کەسی.

**لیکۆلەر** :

تاوانبار سەمیرنۆڤ. ئایا ریکخستنەکە لەسەر بنەمای تیرور وەستا بوو؟

( سەمیرنۆڤ وەلام ناداتەوە)

چی دەلییت ؟

**سەمیرنۆڤ** :

دان بەوەدا دەنیم کە من پیوەگلاوم لە پەیوەستبوون بە ریکخراوی دەستبەسەردا گیراوی ترۆتسکیستەکانەوە. بە پەیوەستبوونم بەم دەستەوە، بە ناوەندی ئەم دەستەوە. سالی ١٩٣٣ لە بیرلین چاوم بە سیدۆڤ کەوتو گویم لە بۆچوونەکانی لەبارەی تیرۆرەوە راگرت. پاش ئەوەش بۆچوونەکانی ویم بۆ مۆسکۆ گواستنەوە بەبێ ئەوەی پییان رازی بم.

**لیکۆلەر** :

گەواهیدەر زاڤۆنۆڤا. ئایا سەمیرنۆڤ لەلای تۆ لە بارەی پیویستبوونی هەستان بەکاری توندوتیژی دژی سەرکردەکانی پارت دواوە ؟

**زاڤۆنۆڤا** :

باسی لە رینوینییەکانی ترۆتسکی کرد کە دەلیت: لەسەر ناوەند پیویستە کە بەکارهینانی توندوتیژی رابگەیینیت.

**لیکۆلەر** :

ئایا لەبارەی پیویستبوونی کوشتنی سەرکردەکانی پارتەوە دوا ؟

**زاڤۆنۆڤا** :

بە ئاشکرا وتی کە دەبیت سەرکردەکانی پارت بکوژرین.

**لیکۆلەر** :

تاوانبار سەمیرنۆڤ. پەیوەندیت لەگەل زاڤۆنۆڤادا چۆن بوو ؟

**سەمیرنۆڤ** :

ئاسایی.

**لیکۆلەر** :

بیجگە لەوە چیتر نەبوو؟

**سەمیرنۆڤ** :

دوو هاوەلی دلسۆز بووین.

**لیکۆلەر** :

وەك ژنومیرد وا بوون ؟

**سەمیرنۆڤ** :

بەلێ.

**لیکۆلەر** :

ناکۆکی کەسی لە نیوانتاندا نەبوو ؟

**سەمیرنۆڤ** :

نەخیر.

**لیکۆلەر** :

تاوانبار سەمیرنۆڤ. دان بەوەدا دەنییت کە تاقمەکە هەلویستی تیرۆرستانەی دارشت ؟

**سەمیرنۆڤ** :

بەلێ.

**لیکۆلەر** :

دان بەوەشدا دەنییت کە تاقمەکە ئەم هەلویستی لە ئەنجامی رینوینییەکانی ترۆتسکی دارشت؟

**سەمیرنۆڤ** :

بەلێ.

**لیکۆلەر** :

تۆش رینوینییەکانت لیوەردەگرت ؟

**سەمیرنۆڤ** :

بەلێ.

**لیکۆلەر** :

هەرتۆش وەرگری رینوینییەکان بووی؟

**سەمیرنۆڤ** :

بەلێ.

**لیکۆلەر** :

تۆش دەتگەیاندە کۆمەلەکە ؟

**سەمیرنۆڤ** :

بەلێ.

**لیکۆلەر** :

کەواتە لە ئەنجامدا تۆ کۆمەلەکەت بە هەلگرتنی هەلویستی تیرۆرستانە وادار کردووە.

( سەمیرنۆڤ بیدەنگەی لیدەکات )

تاوانبار سەمیرنۆڤ. تۆ بازنەی تەواوکەری زنجیرەکە بووی.

( سەمیرنۆڤ بە چۆکدا دێو تیکدەروخیت. دوو سەرباز، بەتفەنگەوە کە خەنجەری تفەنگەکان هەلدراوەتەوە، بەرەو سەمیرنۆڤ دەرۆن و بۆ دەرەوە راکیشی دەکەن. زاڤۆنۆڤاش دوایان دەکەویت)

تاوانبار بیاتاکۆڤ. ئایا شتیکت بۆ وتن هەیە لەبارەی چلاکییە ترۆتسکییە خراپکارییەکانتەوە دژی یەکیتی سۆڤیەت.

**بیاتاکۆڤ** :

لەلایەن ترۆتسکیەوە رینوینیم پیگەیشتووە کە گشت جیبەجیکردنو پلانە دەولەتییەکان بەتایبەت لەبواری ئابووریدا پەك بخەم.

**لیکۆلەر** :

ئەوکات تۆ لە کوێ کارت دەکرد ؟

**بیاتاکۆڤ** :

لە لیژنەی بالآی ئابووریدا، وەك لیپرسراوی کەرتی پیشەسازییە کیمایییەکان.

**لیکۆلەر** :

لەو کاتەدا کە تۆ بروای دەولەتت فریودابوو، لەشوینیکەوە بۆ شوینیکیکە دەگوازرایتەوە بۆ ئەوەی بە کاری تیکدان هەستیتودژەخونی لە دەولەتی سۆڤیەتی بکەیت ؟

**بیتاکۆڤ** :

چالاکییە خراپکارییەکانمان بوون بە هۆی روودانی کارەسات لە کانە خەلوزەکان، کارخانەکانی ئۆتۆمەبیل سازی، کارخانەکانی پۆلا، چالاوەکانی کەشتی سازیو، کارگەکانی بەرهەمهینانی کارەبادا. تەنگەژی هاتوچۆمان دروستکرد، جولانەوەی دروستکردنی خانووبەرەمان بەرەودوا گیرایەوە، گەشەی کشتوکالیمان راگرتو میشکی جەماوەری کارگەرانی سۆڤیەتیمان ژاراوی کرد.

**لیکۆلەر** :

ئایا وەك پالنەریکی خۆیی بەم کارانە هەستای یان بەپیی رینوینی کەسانی دیکە؟

**بیاتاكۆڤ** :

زۆربەیان بە فەرمانی ترۆتسكی بوون.

**لیكۆلەر** :

مەبەستی ترۆتسكی لەم كارانە چ بوو ؟

**بیاتاكۆڤ** :

لەیەكیك لە نامەكانیدا، دەلیت سیاسەتی تیكدەرانەی بەریكەوت سەری هەلنەداوە. ئەم سیاسەتەش تەنیا شیوازیكی توندوتیژ نەبوو لە شیوازەكانی كوشتوبر یا جەنگ كە پیی رادەگەیاندین، بەلكو بەشیكی گرنگە لە پلانریژییە تەواوەكەی. – ئەوە لەسالی ١٩٣٤دا بوو– وتی: سەركەوتنی هیتلەر راستی ئەو بۆچوونەی وی سەلماند كە لەتوانادا نییە سۆشیالیزم لەیەك ولاتدا دامەزریت. هەروەها وتی: كە شەر واقیعیەتیكی بیگەرانەوەیە، پیویستە لەسەرمان ئیمە ترۆتسكیستەكان، گەر بمانەویت وەك هیزیكی سیاسی بمینینەوە، دەبیت هەولی تیكشكاندنی یەكیتی سۆڤیەت بدەین.

**لیكۆلەر** :

ئیوە هەولی تیكشكانی یەكیتی سۆڤیتتان دەدا ؟

**بیاتاكۆڤ** :

بەلیٚ ئەوە ئامانجمان بوو. ترۆتسكی پیی وابوو یەكەمجار شەر لەگەل ئالمان هەلدەگیرسیت، دوای ئەوە لەگەل یابان، ئەركی سەرشانمانە لەگەل دەولەتی ئەم دوو ولاتەدا پیك بیین بۆ بەدەستهینانی هاوكاریو هاوپشتییان بۆ دەسەلات گرتنە دەست. سەرەتا لەگەل دەولەتانی ئەم دوو ولاتە لەسەر پیشكەشكردنی هەندیك لیبواردن بۆ دابینكردنی هاوپشتیان بۆمان لەپاراستنی دەسەلاتدا ریكدەكەوین. لەكۆتایی ١٩٣٥دا رایك نامەیەكی لە ترۆتسكییەوە پیگەیشت كە لەم بارەوە رینوینی دووورودریژی تیدایە.

# بەهیوای هیوا

بریـــار

ئازار دەمە گویزانیکی تیژو چەقۆیەکی هەسـان کـراوەو سـەرتاپای دەمو چـاوتو جەسـتەت دەخـۆن . لەگـەڵ ئـەو هـەموو ئازارەشـدا داوە دەزوولـەی بـیرت زۆر هاروهاجانـەو بـێ شەرمانەدەتهەژێنێو دەترسینێو زیاتریش بۆ ناو جیهانیکی پـر لـە ئـازارت دەباتـەوە. ئاوینـە بـەرگ نایلۆنە زەردەکەت بەوپەری قینو بیزارییەوە بەرامبەر دەمووچاوت راگرتبوو.. دەموچـاوت لـە ناختـا هەلدانی هەواریکی دیوەزمەی چەپەڵ هیندەی دەموچاوت ترسناکو ناشیرینە:– سـەگ، بـەراز، دیـو، ورچ... ئەوانەش تا رادەیەك هەموو لە زۆرکاتو شـوینا جوانـیو نرخیکـی گـەورەو تایبـەتیان هەیـەو هەتا لە باوەشیش دەنرینو ماچیشیان دەکرێو گەمەو گەمبازیشیان لەگەلدا دەکرێ... .

(( تـاوانم چـی بـوو .. بـۆ وام لی هـات .. کـێ ئیـتر سـەرنجی مـرۆڤ دۆسـتانەو خۆشەویسـتیم تـێ دەگریت، کێ ئیتر یاریو هاورییەتیم لەگەلدا دەکات، کێ دەمدوینـێو شـەیدای دەسـتلەملانو وەفـاو خۆشەویستیم دەبی.. کێ..کێ.. جا ئیتر من ژیانم بۆچییە ))

دەنگیکی دلیرانە زۆر بە پەرۆشەوە، برووسکە ئاسا ئاویزانی ناو ناخی پرکیشەی بیرو لیکدانەوەت بوو:–

(( نابـێ وا بیرکردنـەوەت چـەقۆی کـولو ژەنگـاوی بـێ ورەیـیو رووخـاوی دەمـی تـێ بنـێو بتکەنـە مرۆڤیکـی کـارتۆنی.. مـرۆ دەبـێ جوانـیو پلـەو پایـەی لـە هوشـیاریو بیرکردنـەوەی راسـتەقینەیدا ببینیتەوەو پالەوانیکی بـێ پشـووبێ بەرامبـەر کارەسـاتەکانی نـاو ژیـان کـە بەسـەرماندا دەبـارن .. پیتوایە خونچەی ژیان هەلوەرینو سـیس بوونـی باشـترە وەك لـەوەی سـووریو گەشـی خـۆی لـەناو ببات، یان کیو لووتکەی نەبێ بەربییتە دامینی خـۆی، رووبـاریش هـاژەو شـەپۆلی نـەبێ لالـووت بـێ لەگەل سەرچاوەی، نابێ بیرکردنەوەت وابێ نا .... ))

مرۆڤ سەرتاپای جەستەی جوانو گەش نەبوو ژیانی بۆچییە، منیك کـە هـەرچی بمبینـێ زەنۆقـی دەچێو قیزم لیدەکاتەوە، منیك وەك پەرەی سووتاو وام وەك لاپەرەی رەشکراو وام .. ئیتر ژیانم لـە دەوری گۆر دەگەرێو هەموو ساتیکم هەر مـردن دەبـێ .. ئـاخر بـۆ .. ژیـان زۆر خۆشـە منیـش وەك هەموو کەسیکیتر تامەزرۆی خۆشەویستیو جوانیو ئازادی دەکەم.. . بۆ لیم گیرا بـۆ رووم شـوینراو ئاوا بووم بە گۆشتی برژاو .. ئەم جەهەنەمە چییە ئەم خەلکەی پێ دەسووتینن.

گرمەیەکی گەورە دایچلەکاندیتو دەرگاو پەنجەرەکانی هینایە لەرزین لەو دەریای خەیالا دەری هینایت، سەیری دایکت کردو ئەویش خیرا هاتە لای سەرتەوە، ترسو پەشیوی لە دەموچاوی هەردووکتانا بەروونی دیاربوو، دوو ئافرەتە گیان سووتاوەکەی ئەولاشتانەوە بە ترسو پەشیوکارییەوە قنج بوو بوونەوە.

لە دوو چاوە رەشە گەورەکانتا بێ هیزیو ترسیك دەردەکەوت، تەواو ئەوەیان تیا دیاربوو :– وا دیارە لیرەش بەم حالەشەوە هەر وازم لێ ناهینیێو تەواو مری لە گیانم خۆش کردبێو بیەوێ بە یەکجاری رەوانەی ناو گۆری تەنگو تارم بکات . نا حەز لە ژیان دەکەمو دەمەوێ بژیم .. چی تاوانیکم کردووە، بۆ دەبێ لەم ژیانە بە زۆر کۆچی ناو زیندانی یەکجاریم بکەن .

دەستی دایکت بە نەرمیو هیواشی کەوتە سەر چاوەکانتو فرمیسکەکانتی سری، بە هیمنیو دەنگیکی زوڵالەوە پێی ووتیت :

- مەترسە کچە شیرینەکەم

– لەناو شاریدا ... زۆر نزیکیش بوو.

نەخۆشەکەی تەنیشت بە دەنگیکی حەپەساوو ترسەوە ئەوەی ووت.

ئاگات لە دایکت بوو بە نارەزاییەوە سەری بۆ راوەشاند، بێدەنگیو کپی تەواو بالی بەسەر ژوورەکەدا کیشا، ترس تەواو درندانە دەواری لەناو دلتا هەلدا، هەورە برووسکەی بیرت بە خیرایی چەخماخەی داو کتوپر بردیتیەوە بۆ چەند رۆژ لەمەوپیشی بەسەرهاتەکەت.

ئەوەتای لەناو شارۆچکە پر لە دوکەلو خوینو خۆشەویستەکەی لەدایك بوونتا، شارۆچکەی – سەی سایەقی – ناو دلی شارەزوورا، دوا زەنگی قوتابخانەکەتان لێ درا، بە تریقەوەو خۆشییەوە لەگەڵ هاورێ قوتابیەکانتا هاتیتە دەرەوە، تۆو نەرمین کە دراوسیتان بوو بە جووتە بە کاوەخۆ بەوپەری تاسەو ئاواتو دڵ پر لە کەیلی ئارەزووەوە ریگەتان دەبری، نەرمین بزە گرتیو پێی ووتی:

- خانم پیم بلێ بە راست تۆو فەرهاد یەکتان زۆر خۆش دەوێ، بۆی پێکەنیتو ووتت :

- بەلێ .. هەرچەندە تەمەنی خۆشەویستییەکەمان ئەوندە نییە، بەڵام هەر زۆر یەکترمان خۆش دەوێ ... زۆر ... زۆر.

نەرمین فیلبازانە تیلە نیگای تێ گرتیتو بە خۆشەویستیەوە پێی ووتیت :

- خانم ئاگات لە خۆت بێ فەرهاد دەستت نەبرێ.

تۆش بە بە دلنیاییەوە پیت ووت :

- نا نەرمین گیان فەرهاد لەو کەسانە نییە، چەند جار پێی ووتووم (( خانم گیان تۆ ئیمساڵ شەش تەواو بکە .. دەنیرمە داوات )) ، دوای ئەوە هەموو قسەو کردارو هەلسو کەوتیکی دەیسەلمینێ کە کوریکی زۆر باشە.

تۆش هیناتەوە بەسەر ئەوداو بە زەردەخەنەو گالتەوە پیت ووت :

- ئەی نەرمین تۆ، هیچت نییە ؟

نەرمین خەنییەوەو ووتی :

- نەوەللا .. قابیلە من وەك تۆ جوانو ریكوپیك بم !

- ئای نەرمین .. من هۆشم بێ دەمیكە تۆ كاری خۆتت ئەنجام داوە.. بەلام تۆ زۆر بە شاراوە كار دەكەی .

لە پرا لەو دەریای خۆشیو ئاواتەدا گرمەیەكی گەورە زۆر بە قورسو گرانی خۆی هاویشتە ناو میشكتانەوە، داچلەكینو شلەژان، زانیتان دیسانەوە تۆپ بارانەكەیە، كەوتنە پێ هەلگرتنو راكردن، خەلكەكەش بە دەردی ئیوەش شلەژانو هەریەكە بۆ لاو كونیك رایان دەكرد، گویت لە زەلامیك بووهەر بەدەم راكردنەوە هاواری دەكرد :

- لە بەری قەبرسانەكەیدا.

مۆتەكەی ترس بەپێ رەشو زلە قورسەكانییەوە لەسەر خونچەی دلت خۆی چەقاند، تۆو نەرمین دەستتان لەدەستی یەكترا بوو هەرچەند خیرا جادەكەتان دەبری، بەلام وا هەستتان دەكرد هەنگاوەكانتان لە شوینتان نایەن، ریگەی مالەوەتانو رزگار بوونتان لی بووبووە دریژی پرچی خۆرو هەر نە دەبرایەوە.

دەنگیكیتر بە زوولالیو پەرۆشەوە هاتە گویتو تەواو تۆوی ترسو شلەژاوی لە دلتا چاند (( ئەی هاوار )) كەس نەما .. عالەمەكەی كوشت .. دەنگیكیتر وەك بروسكە لە هۆشی دایت :

(( ئەم كوشتنو تاوانە تاكەی ؟ ئەو خەلكە هەژارو داماوە چییان كردووە ! ))

هەستت بەوە كرد ئەو تۆپە كاریكی ترسناكو گەورەی كردبێو مالو خەلكیكی زۆری پیوە بووبێ .. . دەنگی خرمەی دادانەوەی یەك لەسەر یەكی دەرابەكان دەتووت خرمەو دەسریژی گولەیە .. زۆر بە ئازارو توندی لە میشكو دلی دایت، هاواری پر لە ئازارو ئۆفی ژنو پیاوو منالو پیر .. پەردەیەكی

سامناكو رەش بوو لەبەر چاوتـا، دیمـەنی زۆر دایـكو بـاوكت بینـی، زۆر بـە پەرۆشـیو شـلەژاوییەوە عەودالی سۆراخی منالەكانیان بوون، هەستت كرد زۆر لە خەلكەكە بـە جولـەو دەنگـە دەنگـەوە وەك چەمی بەخور زۆر بە تیژی بەرەولای كارەساتەكە دەچوون، دەتزانیو خەلكەكـەش دەیزانـیو تـاقی كردنەوەی رۆژانی تری پیشووی زرموكوت چی بەلایەكەو چی دیوەزمـەو چـی تـەوربارانی هـەوریكی رەشە، بەلام لەگەڵ ئەوەشـدا ئـەو خەلكـە بـۆ فریـا كـەوتنی هاودەردەكانیـانو بـۆ بـە تـەنگ هـاتنی بەهاری ژیانی مرۆڤ، دەربەستیان نەبوو لەو ئاگر بارینەو لە هەر شوینیكی كارەسات سەدان دەستی هاوریێو هاوخەم لە كاری پیویستا وەك دەریای پانو پۆر بەهیمنی شەپۆلیان دەدا ..

بەخۆت ئەوەندەت زانی دەنگی تیژو گەورەو گورگی ئاگر دەمو لەمۆزیان لە جەستەت ناو شـالاوی درندانەیان بۆ هینایت، دەنگی تۆپیكیتر بوو، پارچەی لەو بەرمیلـە نەوتانـە كـەوت كـە گەیشـتبوونە لای، لاشەی نەرمو نیانتی بەبێ هۆشیو سووتاوی خست، كاتێ لەگەڵ ئاخو ئـۆفـو ئـازارا بـە هۆشـی خۆت هاتیتەوە، لەناو ئۆتۆمبیلەكە دایت بەرەو سلیمانی دەفرینرییت، ئازارو كزانەوە تەمیكی قـورس بوون لەسەر گیانت هەلدەسـان، دلـت زیـاتر كەوتـە پـەژارەو خورپـە كـە هەسـتت كـرد ئـەو تەمـەش دەموچاوتی داگرتووە .. لە دایكت پرسی :

- دایە دەموچاوم سووتاوە ؟

دایكت كانی فرمیسكی چاوەكانی تەقیبوون، بە دەنگیگی پر لە گریانو زولالەوە ووتـی:

(( نەو كچە شیرینەكەم .. هیچ نییە .. تۆزیكیتی ...))

ئاهی خۆشی فینكاییەك پەرەدەیەكی تەنكو سەوزی زیندووی بەسەر دلتا كیشا :

(( خانم خاص مزگینیم بەرێ، بەم زووانە چاك دەبیتەوە، چونكم تـەنیا پـەردە تـەنكیكی سـەر رووی پیسـتت سـووتاوە، ئـەوەش بـەم زووانـە چـارە دەكـرێو پیســتە جوانــە ســوورو ســپیەكەی رووت دەردەكەویتەوە .. ))

پزیشكەكە هەر سەر لە ئیوارەی یەكەم رۆژت بە زەردەخەنەو روویەكی خۆشەوە ئەمەی پێ ووتیت. لەگـەڵ ئـەوەی كـە ئـازاریكی زۆرت هـەبوو، بـەلام تەزوویـەكی خۆشـیو هیـواو ورەیـەكی زینـدوو لـە شادەمارەكانی دڵو میشكتا دەگەران، كەچی وا ئیستا ئاواینە بەرگ نایلۆنە زەردەكە بەرەو هـەواری نائومیدیو بێ ورەییو كەوتنت دەبات، بە وینەی دەرویشە درۆزنەكەی ئەفسانە میللیەكان كـە خـۆی لە بەرگی خیری زندا پیشان دەداو خەلكی بەرەو دنیای سـەرنگومو فـەتارەت دەبـرد، ئاوینـە بـەرگ

نایلۆنە زەردەکەش تەنها ئەم رووەی ئیستات پیشان دەدات، بەلاّم بە راستی ئەو رووەی سبەینیت نابات کە روویەکی زیندوو سەوزو شیرینی سروشتین.

بۆخۆت لە ناخی هۆشو بیرتا ململانیّو دوو دلییەکی ئەنجام رووخینەرت دروست کردبوو.

چاك دەبمەوە ! تۆ بلێی پزیشکەکە هەر بۆ دلدانەوەی من ئەمەی نە وتبێ... یا ... هەر بۆ دلدانەوەی من بوو، چۆن چاك دەبمەوە، خۆزگە کەس نەیدەدیتم، خۆزگە فەرهاد نەیدەبینیم تا تەواو تەواو چاك دەبوومەوە، بەلاّم کێ دەلێ من هەر چاك دەبمەوە، سووتاوی داوودەرمانی نییە، فەرهاد هەر ئیستا چاوی پیم بکەوێ نەك هەر خۆشەویستییەکەمانی لەلا ئەسریتەوە بەلکو قیزیشم لی دەکاتەوە. تەزوویەکی ئازار سەرتاپای جەستەتی گرتەوە، بەدەم ئەو خەیالو ئازارەوە دەنگ لە دەنگە گیراوەکەتەوە بەرز بۆوە :

– نامەوێ کەس ببینم .. نامەوێ کەس بمبینێ !

دەنگی بە شپرزەی دایکت بە پەرۆشو پەژارەوە هاتە گویت :

- خانم گیان .. کچە شیرینەکەم چیتە وا دەکەی ؟!

دەنگی یەکێ لە دوو نەخۆشەکەی ئەولاتەوە هات کە هەردووکیان کەوتبوونە سەر شانو گوێ قولاّخ بوو بوون :

- تۆزێ دلخۆشی بەرەوە با ئەوەندە خەم نەخوات !

دایکت چاوە پر لە فرمیسكو ئازارەکانی سریو بە پەژارەوە ووتی :

- جا کچە شیرینەکەم خەفەت لە چی دەخۆی، شوکوور بەم چەند رۆژە تەواو گۆراویت، خوا یار بێ هەفتەیەکیتر نابات وەك گویزی ساخت لیدێ.

ئافرەتەکەی کە ووتی دلخۆشی بەرەوە، ئافرەتیکی بالاّ بەرزی ئەسمەری چاو گەورە بوو، بە بزەیەکەوە ووتی :

- ئەوە من هەر دوو قاچو دەسو سنگم سووتاوەو هیچیش گوێی نادەمێو هەر چاکیش دەبمەوە، هەموو دیداریکیش خەلك دین بۆ لامو ئەوپەری خۆشیشم لی دێ، ئیمرۆش رۆژی دیدارە، تۆزیکیتر لام بەرناکەوێ، ئەبێ مرۆڤ باوەری بە خۆیو هیزی خۆی هەبێ، لە هەموو کاتیکدا پالەوان بێ.

دایکت بزەیەکی هاتە سەر لیوو بە هیمنی پێی ووتیت :

- کچە شیرینەکەم ئیمرۆ رۆژی دیدارە، باوکتو مامتو براکانتو پورتو هەرچیك بمانناسیّ دیتە لامان. هەناسەیەکی پر لە ئەشکەنجەو خەمت هەلکیشا، بە بیزاریو ئازارەوە ووتت :
- ئاخر دایە گیان با لەبەر چاوان نەکەوم.

کچە شیرینەکەم ئەوە کەی قسەیە کە تۆ دەیکەی، بە پیچەوانەوە تۆ ئیستا مایەی ئەوپەری جوانیو سەربەرزیت، تۆ بە خۆرایی وات بەسەر هاتووە، هەزارەهای وەك تۆ و نەرمینی هاوریت ئەنجامی تەماعی ستەمکارانو زۆرداران واتان بەسەر هاتووە، کچە جوانەکەم ئیوە پەپوولەی بیّ تاوانن لە خۆرایی شیلەی جوانیتان دەمژریّ، جا لەبەر ئەوە خەلکیش زۆر ریزتان لی دەگریّ.

هەستت بە ناوەرۆکی وشەکانی دایکت کرد، دەتزانی دایکت لە کویوە قسە دەکا، ئازارو داماوی میژووی ژیانی زۆر راستی لەبەردەمدا یەکالا کردۆتەوە، زۆرجار باسی ئازاری خۆیو هاودەردەکانی بۆ خۆتو خوشكو براکانت دەکرد.

لەسەر قەرەویلەکە کەمیك بۆ سەر بالی راستت جولایت، هەستت بە تەزووی ئازاریك کرد، دەستی دایکت بە نەرمیو هیواشی کەوتە سەر چاوەکانت، فرمیسکە خەماویو ئازارەکانتی سری، دایکت بەوپەری خۆشەویستیو میهرەبانییەوە لیی دەروانیت، هەستت دەکرد لە ناخی ئەو دایکی هەژارو بەدبەختەدا کیوی ئازارو خەمیکی گەورە هەیە ...

کەمیك تروسکایی بزەیەکت خستە سەر لیوەکانتو بەدایکتت ووت :

- دایە سەرت نەرمین نەدا .. ؟ باشتر نەبووە ؟
- تاقی بەیانی تۆ خەوت لی کەوتبوو، دایکی هات بۆ ئیرە هەوالی تۆی پرسی، پاشان منیش هەوالی نەرمینم لی پرسی، ووتی زۆر باشە، ئیستاش کە هاتم بە زەردەخەنەوە پیّی ووتم (( دایە بە خانم بلیّ هیچ خەفەت نەخواتو بەهیوای چاك بوونەوەش بیت، هەر چاك دەبیتەوە ))

کچە نازدارەکەم دەبیّ وەك پۆلا وابیت، ئەوە نەرمینیش وەك تۆ زیاتریش جەستەی سووتاوە، کەچی خۆراگریشەو ئەوەندەش باکی نییەو باوەری بە چاك بوونەوەشی هەیە.

وەك حەز بکەی دایکت هەندیك رازیو بەختەوەر بکەی، پرشەی رووناکی تروسکاییەك لەناو ئازارو ئیشی جەستەتەوە لە چاوەکانتەوە سەری دەرهیناو بە هیواشی سەرت بۆ لەقاند. فەرهاد بەرووە پر لە خۆشەویستیو قسە ناسكو جوانەکانییەوە هاتەوە یاد، فەرهاد لە ناخی دلتا هەواری خۆشەویستییەکی نەمری هەلداوە، بە دریژایی ساتەکانی میژووی یەکتر ناسینتان چرایەك بوو لەناو

هۆش‌و بیرتا پرشنگی دەهاویشت تام‌و بەهاو لـەزەتی ئـەو ووتەیـەی مـالی پـورە خـاوەرت قـەت بـیر ناچیتەوە پورە خاوەر پوری فەرهاد بوو دراوسێی ئیوەش بوو، کە دوو بە دوو بوون لە ژوورەکــەداو بە بزەو خۆشەویستییەوە پێی ووتیت: (( خانم بە راستی هەموو ساتیك لەناو هۆش‌و بیرمدای، باوەر ناکەم هیچ هیزیك هەبێ تۆ لە من بکات یا تۆ لەبەر چاوم بخات)) .

بەرامبـەر بـە ووتـە بـە نـرخ‌و جوانـەکانی شـەرم‌و تـەریقی سـەرتاپای دەم‌و چـاوە نـەرم‌و ســوورو سپیەکەتی گرتەوە، کولمەکانت بوون بە بەیداخیکی رەنگ سوور، کەمیك سەرت دانەواند...

- خانم ئەی تۆ ؟

تـەواو بزرکـایت‌و رەنگـی بـەیداخی کولمەکانیشـت زیـاتر سـوور بـــوون، بــە دەســت خــۆت نــەبوو، هەرچەندەت دەکـرد کلیلـی کردنـەوەی قفلـی زمـانت بـە دەسـتەوە نـەدەهات، دەسـتیك کەوتـە ژیـر چەناگەت‌و بە هیواشی بۆ سەرەوە هیزی دایێ، لەو سـاتەدا فـەرهاد تیشـکە سـەرنجەکانی لی دەدای، چاوەکانی‌و روومەتی‌و لیوی‌و گشت رووی لە خۆشیانا وەك خۆرەتاوی دەمـەو بەیانییـەکی بـەهار بـە ئارامی پرشەی دەدا، هەستت کـرد بـەیداخی گولمـەکانت وینـەی نـاخ‌و زمـانتی لەسـەر هەلکـەنراوەو فەرهاد بە هوشیاری‌و سەرنجە بە دیقەت‌و نەرمەکانی پەی بەو وەلامی خۆشەویستییە نەمرە بردووە.

- ئای ئیمرۆ فەرهاد دیتە دیدارم، خۆزگە نەدەهات تا بەم شیوەیە نەیدەبینیم.. بــەلام کـێ دەلـێ دیت .. ئیستا زانیویەتی دەم‌وچاو جەستەم وای لی هـاتووە، ئیسـتا رەنـگ‌و بـۆی دەم‌وچـاومی لـەپیش چاوە .. کـێ دەلـێ بـیزم لی ناکاتـەوەو خۆیـم لی ویلـــی ناکـات وەك نــەمیبینی بــێ‌و نەمیناسیبێ .. بۆچی من تاوانم چی‌یە ؟ ! بۆ تاوانەکەم لەسەر ببێ بە دوان .. نا .. نا .. نا.

- خانم خانم گیان .. ئەوە چیتــە، کچـە شـیرینەکەم، تـۆزێ بـاوەرت بـە خـۆت هـەبێ بـەس لیـك بدەرەوە !

ئاگات لە خۆت نەبوو کە دەنگت بەرز بۆتەوە، پەردەیەکی تەنکی شەرم‌و تریقی سەر رووتی گرتەوە، حەزت نەکرد دایکت بەو ئازارو لیکدانەوەی ناخت بزانـێ، بۆیـە بزەیـەکی دروسـتکراوت لەسـەر لیـوت نەخشاندو بە دایکت ووت:

- هیچ نی‌یە دایە گیان .. باوەربکە !

- کچم من دەمەوێ تۆ لە خۆشیاندا بی، بۆچی ئازار بۆ خۆت دروست دەکەی .

دەنگە دەنگ لەناو رارەوو ژوورەکاندا پەیدا بوو.. هەموو گوێ قووڵاخ بوون، ئافرەتە رەنگ

ئەسمەرەکە کە بەوەی دەمیکە لەو شوینا کەوتووە بە نهینی ئەو دەنگە دەنگـەی زانـی، رووی کـردە ئیوەو بەسەرو سیمایەکی خۆشەوە ووتی:

(( دەرگا کراوەتەوە .. دیدارە .

ئەو هەواڵە تەزوویەکی بە ئازارو پەژارە بوو بە توندی لە دەرگای دلتیدا ..

ئیستا فەرهاد دێو خەلکیش .. تەواو بە دەموچاوی پەك کـەوتوو دزیـوم دەزانـنو قـیزو نـارەزایی خۆیان دەردەبرن .. ئەمە ئەو کاتو چرکی بوو کـە مـن پـێی نارەحـەتو دل گـران دەبـووم، کـەچی ئاواش بێ رازی بوونمو بە ئاسانی هاتە پیش ..

- ئاخر من نامەوێ .. بۆچی بە زۆر کراوم بە شتیکی نامۆو پیشانی خەلکم دەدەن.
- خانم گیان چۆنی .. باشتری بە قوربان ؟

دەنگەکە بەلاتەوە نـامۆ نـەبوو، یەکسـەر هەسـتت کـرد دەنگـی باوکتـە، بـە هـۆش خـۆت هاتیتـەوە، باوکتو برا بچکۆلەکەتو پورت بەلاسەرتەوە وەستاوون.

- باشم بابە گیان.

فرمیسك لە چاوەکانت زابوون، هەستت کرد سەرو سیمای باوکت خۆشەویسـتیو سـۆزیکی گـەورەی تیدایە، هەستت کرد ووتەکانی باوکت لە کوورەی گریانیکی ئاگرینا تاساون.

- خانم گیان چۆنی .. شوکر زۆر باشتری.
- خۆش بیت پورێ گیان.

تیلەی چاوت دایە باوکت بینیت دوو فرمیسك لە چاوی روون وەك ئـاورنگ بـە تیـژی بەسـەر روومەتـە چرچەکانیا خلۆر بوونەوە، شارە میروولەی هەستو سۆزت لە ناختا کەوتە جوولە، حەزت کرد باوکت لەو ئازارو خەما دەربینی، تەنها ئەوەت بۆ کرا بە فیلبازانە تارمایی زەردەخەنەیەك لەسەر لیوەکـانت بچەقینیو بە هیواشی بلێی :

- بابە گیان من زۆر باشم .. وازووش چاك دەبمەوە، ئیوەش هیچ خەمی منتان نەبێ.

پورت بە دەنگیکی زوڵاڵەوە ووتی : (( خانم گیان .. شوکوور زۆر باشی))

باوکت بە توندی دەستی گوشیتو ووتی : (( هەر تۆ چاك بیتەوە من هیچم ناوێ ))

- ئەی ئیستا باشتر نیم ؟
- با کچەکەم باشتریت، باشتریش دەبیت !

ئەوەندەت زانی بەسەرتا بارین، سات بە سات خەلکانی خزمو ناسیاو لەسەرت کەلەکە دەبوون، هاورێ قوتابییەکانیشت گشت هاتبوون، ئەوەتانێ یەك بەیەك گشت چاکو خۆشحالیت لەگەڵ دەکەنو بەو پەری ریزو بەزەییو خۆشەویستییەوە تیت دەروانن. ئەوە مامۆستا شیرینە کە هەمووتان خۆشتان دەویستو ئەویش هەمووتانی خۆش دەویستو لە هەموو خۆشیو تالییەکدا هاودەمتان بوو، بە پەژارەو نا ئارامییەوە بە سۆزو ریزی خۆشکایەتیو مامۆستاییەوە دەلێ (( خانم باوەرت بە خۆت هەبێ، سبەینێ دنیایەکی سەوزو جوان دەبێ ئەم ژینە پر لە ویشوومەیە هەروا دریژەی نابێ ..

باوەریشت بێ هەر کچە ئیسك سووکە جوانەکەی جارانیو لە دلمانا ناگۆرییت.. بەو هیوایەشم بە زووترین وەخت دەموچاوت رەونەقو سورایی تێ کەویتەوە ))

نەت دەزانی چۆن لەگەڵ ریزو خۆشەویستی مامۆستاکەتا بجوولییتەوەو مامەلە بکەی، ئەوەندە نەبێ بە هەموو گیانت بەیانی ریزو خۆشەویستی بۆ ئەو وەفاو دلسۆزیو خۆشەویستییەی دەدا.

دەوروبەرت تەواو قەرەبالخ بوو بوو، هەر هەموو پرشنگی ریزو بەزەیی لە چاویان دەباری بۆت، هەریەك بە شیوەیەك دلخۆشی دەدایتەوەو هیوای بە بەرتا دەکردەوە، لەو ناوەدا تەنها رەنگو رووی فەرهاد دیار نەبوو، تەنها خۆشەویستیو بەزەییو دلخۆشی دانەوەی فەرهاد گۆری ون بوو، جارجار سەرنجی چاوەکانت بازی خۆشەویستی بوو بروسکە ئاسا بەسەر خەلکەکەتا دەگیرا، بەلام هەر زوو بە نائومیییەوە دەگەرایەوە هیلانەی چاوەکانتو هەل دەتروشکا.

- من دەلیم فەرهاد منی لە دلیا ون کردووە .. خۆم دەزانم، ئەگینا هەر دەبوایە وەکو ئەو گشتە خەلکە بهاتایە.
- خانم خان چۆنی ؟

براکەی نەرمین بوو، بە ئاگا هاتیتەوەو بە بزەیەکەوە ووتت :

– بەخیر بێی کاك عەلی ئەی نەرمین چۆنە ؟
- ئەویش باشە، ئیستا لای بووم، سەلامی لی دەکردیت .
- سوپاسی دەکەم ، منیش سلاوم بۆی هەیە .

رووت هەندیك بە براکەی نەرمین گەشایەوە، ئەو بە خۆشەویستییەکەتانی دەزانی، چونکم لەگەڵ فەرهادا هاورییەتیان زۆر بەهیز بوو .. ویستت پرسیاری فەرهادی لیبکەی، بەلام لەبەر دەوروبەرەکە

نەت ویرا، چاوەکانت کانگای پرشەی پرسین بوون لەکاك عـەلی، کـاك عـەلیش هوشـیارانە دەرکـی بـە نهینی ئەو کانگایە کردووە سەریکی راوەشاند، لە سەر راوەشاندنەکەی عەلی نیشانەی تەواوی بـیریو بۆ نەپیکرا .. کەوتیتە لیکدانەوە .. مانای باشـە .. دیـت .. نـاییت، چیـەو کامیانـە، نـەتزانی عـەلی پەی بە دیوی ناوەوەی بیرو لیکدانەوەت بردو بە بزەوە ووتی :

(( دادە خانم دەبێ مرۆڤ زۆر گەشبین بیتو بە توانا بیت، نابێ قەت بێ هیواو نائومید بیت، مـرۆڤ ئەگەر تۆویکی چاند دەبێ بە هیوای بەرهەمەکەش بیت))

دایکت لە ناخەوە ئەم قسانەی پێ خۆش بوو.

- راست دەکات کچەکەم .. عەلی ئەم کچەی من زۆر بێ هیزە نابێ وا بیت .. دەبێ پالەوان بیت.

پەردەیەکی خۆشـی زینـدوو سـەرتاپای دەموچـاو سـووتاوییەکەتی گرتـەوە، لـە ناختـەوە ئـەوەت هەلسەنگاندو لیکدایەوە ((مرۆڤ گەر تۆوی چاند، دەبـێ بـە هیـوای بەرهەمەکەشـی بـێ)) ماناکـەیت زانی، ئیوەش کە داری خۆشەویستیتان رواندووە، دەبێ بە تەمای بەرهەمەکەشی بـن، بـە قسـەکەیا وای بۆی چوویت، کە فەرهاد لەم بەسەرهاتەی تۆ هۆشو دلی نەگۆریوەو کاك عەلی ئاگای لیـیە.

_ دەی کاکە خیراکەن دیدار تەواو بوو _

دەنگی توندو تورەی پۆلیسەکە بوو دایچلەکاندیت یەك یەك هاتنو خوا حافیزیـان لی کردیـتو هیـوای چاك بوونەوەیان بە زووترین کات بۆ دەخواستی، عەلی هاتە بەردەمتو بە هیواشی ووتی :

- خانم هیچ خەم مەخۆ، چاکیش دەبیتەوەو هەموو شتیکیش بەدلی تۆ دەبێ.

رووت گەشایەوەو بەریزەوە ووتت :

- زۆر سوپاست دەکەم .. سلاوم بۆی هەیە.

چاوەکانت کە تۆزێ تروسکایی هیوای تیا زیندوو بوو بۆوە بە هیمنی بە ژوورەکەدا دەت گیران .. شینایی ئاسمان کە لە پەنجەرەی لای راسـتەوە تیـت روانـی لـە دەریایـەکی قوولـی مـەنگ دەچـوو.. کۆمەلێ چۆلەکەی هاروهاج لەسەر درەختە تازە چرۆ کردۆکـەی دەم پەنجەرەکـەدا دەیـان جریوانـدو بەتوندی بە یەکدا دەهاتنو دریان بەبێ دەنگی ژوورەکە دابوو، ئافرەتەکەی تەنیشتت بە تاسووقەوە خەریکی چوالە خواردن بوو.

جلەوی بیری نەوەستاووهارت کیشی ناو گۆمی خەیالی کردیت (( لەوە دەچێ دلی نەگۆرِیبێو هـەر لەسەر خۆشەویستییەکەی مابێ، ئەم بەسەرهاتەی من، ئەم گیان تیکچوونەی من، گەلای

خۆشەویستی نەوەراندووە .. فەرهاد خۆشم دەوێی، ئاخ ئیستا لە کوێی ! ))

خورپەی تەزووی بیریکی تیژ ئاراستەی دلت بوو، گرمۆلەی ناو گیژاویکی نارەحەتیو دل تەنگی بووی (( ئەی بۆ نەهات، بۆ ئەو گشت خەلکە هاتن ئەو نەهات .. ئەگەر دلی لای من بوایەو خۆشی بویستمایە هەر دەگەیشتە لام )) ئەم بیرو بۆچوونە بنەمای ئازاریکی توند بوو لە ناختا، حەزت بە هاورییەتی بیری وا نەدەکرد، دەتویست لە گۆری نێی .. (( دەبێ کاریکی گرنگی هەبوو بێ.. یان شتیکیتر، باشتر ئەوەیە ئیستا نەییت تا چاکتر دەبمەوە ))

- پورێ چۆنی ؟

دلت داخورپاو تەزوویەکی گەرمی خۆشی بە خیرایی جەستەتی داگرت، پیش ئەوەی رووخساری ببینی زانیت فەرهادە .. دلت کەوتە تەپە تەپ، ویستت رووت بشاریتەوە، بەلام بە چاکت نەزانی.

- بە خیر بێی کورەکەم.

– خانم چۆنە ؟

وەلامی دەنگی باشەی دایکت بەسەر نیگای یەکانگیر بووی هەردووکتانەوە هاتەدەر، شەرمو تەریقییەك رووتی داگرتو بە ئاسانی ئەوەی بەیان دەکرد: (( ئەوەتا دەموچاومو جەستەم تیك چووەو سووتاوە پیم رازی دەبیت، بیزم لی ناکەیتەوە، چەپکە گولی هەمەچەشنو رەنگەکەی دەستت بەو جەستەیەم بەو کۆرپەی خۆشەویستییەمان رەوا دەبینی، ئیستا لە کیشانی ئازاری ماندوویی‌و هیلاکی ریگەی بەرەو ئیرە هاتنت پەشیمان نیت ؟ من خۆشم دەوییت، زۆر زۆر خۆشم دەوییت .. تاوانم چی بوو، بۆ وام لیهات، بۆ بەهاری جەستەم بوو بە قوورلیتەو وەیشوومەی زستان .. بۆ .. ؟ ..

- خانم گیان چۆنی ؟

دەنگی لە گریان خنکینراوی فەرهاد بوو، تیشکی سەرنجەکانت بە قوولی لە رووو ناوەخنیو ووتەکانی فەرهاد بری، هەستت بە سۆزو خۆشەویستی‌و بەزەیی کرد، رووت رەنگیکی گەشی بەخۆیەوە وەرگرتو بە هیمنی ووتت:

- باشم

- دەبێ باش بیت، باوەرت بەخۆت هەبیتو باشتریش دەبیت وەك جاران.

بزەیەکت لەسەر لیوەکانتەوە دەرکردو ووتت:

- بۆ وا درەنگ هاتیت ؟

فەرهادیش بزەیەکی هاتێو بە هیواشی ووتی : (( بە دوای دیارییەکا گەرام کە شایستەی تۆ بێ .

سەرنجت لە چەپکە گولەکە دا، زانیت گولی هەمە چەشنەی دەشتی شارەزوورەو بەگرانو ماندوویەکی زۆر دۆزیویەتییەوە، لە قولایی چاوەکانتەوە بەیانی پرشەی خوشەویستیت پڕژان، بە خۆت نەبوو لە ناختا گەشکە گرتیتی، رەنگە سوورو سپیەکەت لە دووتوێی سووتاوییەکەی رووتەوە خەریك بوو سەری دەردەهینا، ئازاریش لە هەواری توێی سووتاوەکانی گیانتا شروشیتالی خۆی پیچایەوەو وون بوو، ووتەو رووو چەپکەگوڵ ناخی راستەقینەی فەرهاد بوون بەرامبەرت، دەوای دەردی دوودلیو بێ هیزیەکەت بوونو بنەمای نەهیشتنی، لە گلینەی چاوەکانتەوە خۆشەویستییەکی بە تین بریسکەی دەدا، فەرهادیش چاوی لە چاوەکانت بریبوو و بەهیمنی ووتی: (( خانم خۆشم دەوییت .. خانم گیان ))

هەردووکتان بە ئارامی لە دنیای خۆشەویستییەکدا بوون، دایکیشت فرمیسك زابووە چاوەکانیو لەولاوە بە خۆشەویستییەوە تێی دەروانین.

(( نابیت وا بیرکردنەوەت چەقۆی کولو ژەنگاوی بێورەییو رووخاوی دەمی تێ بنێو بت کاتە مرۆڤیکی کارتۆنی .. مرۆ دەبێ جوانیو پلەو پایەی لە هوشیاریو بیرکردنەوەی راستەقینەدا ببینیتەوەو پالەوانیکی بێ پشوو بێ بەرامبەر کارەساتەکانی ناو ژیان کە بەسەرماندا دەبارن.))

١٩٨٧

## گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەندی شیوەکار (( سمکۆ ئەحمەد )) *

**ژیلەمۆ** : سەرەتا حەز دەکەین کەمیك لەبارەی خۆتانەوە بۆ خوینەران بدوین

**سمکۆ ئەحمەد**: من ناوم ( سمکۆ ئەحمەد )ە، لە ١٩٦٨/١٢/٢٥ لە شاری سلیمانی لە دایك بوومو سێیەمین مندالی خیزانەکەمانم، خویندنی سەرەتاییو ئامادابیم لە سلیمانی تەواو کرد. پاشان کۆلیجی ئەندازیاری بەشی مەدەنی لە شاری هەولیر لە زانکۆی سەلاحەدین لە سالی ١٩٩٠دا تەواوکرد.

**ژیلەمۆ**: چۆن دەروانتە رۆلی هونەر بەگشتیو هونەری شیوەکاری لەکیشمەکیشەکانی نیو کۆمەلگەو لەچ سەنگەریدا دایدەنین ؟

**سمکۆ ئەحمەد**: هونەر لای من بالندەیەکی پەروپۆ رەنگینە قیز لە قەفەز دەکاتو رقی لە سنور ئەبیتەوە، بۆیە بە ئازادی سنورەکان ئەبریتو گۆرانی بۆ شینایی ئاسمان دەلیت.

یاخود هونەر تیشکی ئالتونینی خۆرە کە لە پەنجەرەی زیندانیکەوە بێ مۆلەتنامەو مۆر خۆی دەهاویژیتە ژوری نسرمو سامناکی زیندانەوەو جەستەی ئەشکەنجەدراوی ئەو زیندانییە گەرم دەکاتەوە کە گولو نیرگزو ئازادی خۆش ئەویت.

**ژیلەمۆ**: خۆتان سەربەکام قوتابخانەی هونەری پیناسە دەکەنو چ وەلامیکتان بۆ ئەو ریگرانەی کە هونەر دەخەنە ئاستەنگەوە هەیە؟

**سمکۆ ئەحمەد**: من حەز لە واقیعی سیحری دەکەم وەکو شیوە، بەلام بابەت گرنترین بەشە لای منو بۆ ئەم بەشەش پشت بە کارەسات، ژیان، ئازارو خۆشەویستیو خەباتی چینی کریکارو زەحمەتکیشان دەکەم. نموونەش لە کارەکانی پیشوم بۆ ئەم مەبەستە کاری ( پرسەی کریسمس) و (١٩٩٤/٠٩/٠٤، زەویەکی حەزین، ).

**ژیلەمۆ**: پیشینەی هونەریو سەرەتای هۆگریتان بۆ هونەری شیوەکاری دەگەریتەوە بۆ کەی ؟

**سمکۆ ئەحمەد**: لە رۆژیکی بەفراویدا باوکم بۆ دواجار مالئاوایی لی کردین لە سالی ١٩٧٦، ئەوکاتە تەمەنم حەوت سالٌ بوو، تەرمەکەیمان برد بۆ پینجوین. کە گەراینەوە سلیمانی بۆ ماوەیەکی زۆر بۆیاغی قۆنەرەکانی باوکمم لای خۆم هەلگرت، باوکم مامۆستا بوو لە ئامادەیی پیشەسازی سلیمانیو زۆر گرنگی بە جلو بەرگیو قۆنەرەکانی ئەدا. بۆیاغی قۆنەرەکانی کە دوا یادگاری ئەو بوو لام کە بۆنی بیرەوەرییەکانیهەموو بەیانیەکانی لیوە ئەهات. یەکەمین وینەم بەو بۆیاخانە کیشا، ئەویش

وینەی باوکم بوو کە لەسەر دەستو ئەژنۆ لەسەر زەوییەك دانیشتبوو سەری لە زەویدا نیژرابوو ( ئەم تابلۆیەم لە سالی ١٩٩٣دا کیشا Lost وون بوون ) خەونی سیریالیو واقیعی سیحری هەر لە مندالییەوە راوی خەونەکانی من ئەکەن. وایدەبینم کە ئەم خەونە سریالیانە لە چیرۆکەکانی خوشکە گەورەکەمو نەنکمەوە گەیشتنە من. هەر لەو سالەوە واتە ١٩٧٦ کە تازە فیری نووسین ئەبووم، بیرۆکەیەکم بۆ هات، کە بیرەوەریەکانی خۆم لەسەر پەرەیەك بنووسمو پاشان خستمنە ناو بتلیکی بە تالەوەو پاشان ناشتم لەناو باخەکەماندا ( حەوشەی مالەکەمان ) یەکەمین دیر لەو پەرەدا بە دەستوخەتیکی خواروخیچ نووسیم ( باوکم مردو ناشتمان لە حاجی شیخ لە پینجوین ) پاشان هەر دوو سالَ جاریك بتلەکەم دەرئەهیناو یەك دوو دیری ترم ئەنووسی. دەستوخەتەکان هەردەم ئەگۆران لە مندالیکی سەرەتاییەوە بۆ هەرزەکاریك پاشان قوتابییەکی زانکۆ

ژیلەمۆ: لە چەند پیشانگەدا بەشداربوون چ تایبەتیو چ گشتی؟

سمکۆ ئەحمەد :لە سالی ١٩٩٣-١٩٩٨ چەند پیشانگای تایبەتی لە کوردستانو یابان لە سالی ١٩٨٦-٢٠٠٠ پتر لە ٣٠ پیشانگای گشتیو جیهانی لەسەر هۆم پەیجەکە تا سالی ١٩٩٨ بە دووردریژی هەن . **

**ژیلەمۆ**: چ رینوینیو پیشنیاریکتان هەیە بۆ هونەرمەندە تازەلاوە شیوە کارەکان، چ پەیامیکتان هەیە بۆ خوینەر و بینەری هونەرەکەتان؟

**سمکۆ ئەحمەد**: کاکە گیان من هیشتا لاومو هیشتا خۆم بە قوتابی هونەر ئەزانم. بەس وەکو خۆشەویستیکی رەنگو فلچە، حەز ئەکەم بە هەموو ئەو هونەرمەندانە بلیم لە رەنگو فلچە ئەتوانن رەنگی ژیان بگۆرن، ئیمە سەربازینو چەکی ئیمە بەکارترە لە باروتو خەردەلَ، با راستی بنەخشینین با دەست بخەینە دەستی یەکترو سرودی ئازادیو یەکسانی بۆ گولَو نیرگزو پەلکەزیرینە بلیین.

من ئیستاکە ئەندامی دەستەی هونەرمەندانی JAALA (Japan, Asia, Africa ,Latin Amrerica)م و سالی رابردوو مۆلەتی ئەندامەتیم وەرگرت، هەروەها لە کوردستان ئەندامی تیپی شانۆی نینا بوومو خۆشم بە ئەندامی مەلبەندی ئەدەبو هونەری کریکاری دەزانم، لە سالی ١٩٩١وە لە ریکخراوە ئینسانیدا کار ئەکەم وەکو ئەندازیارو دوا ریکخراو (Winds Sapan Peace )ە کە کاری لەگەلدا دەکەمو بۆ ماوەی سالیك لە کۆسۆڤۆ کارم کرد بۆ دروستکردنی خانو بۆ ئاوارەکانو

سازدانەوەی خەستەخانەو .

دوا ووتەم دوا تابلۆم **Spnng never dies**

**خۆشەویستانی جەنگ، ئیوە بە فیشەک و باروت**
**ئیمەش بە فلچە و رەنگ**
**ئیوە بە برسی کردنی ئیمە خۆتان تیر دەکەن**
**ئیوە بە گوللە جوانی و گول و نیرگز راو دەکەن**
**ئیمەش بە فلچە رەنگی ترساویان بۆیاغ ئەکەینەوە**
**ئیوە بەهار تیرۆر ئەکەن و وەرزەکان لەیەک دەکەن بە دوژمن**
**ئیمە لەسەر لەپی دەستمان نیرگز دەخەوینین**
**ئیمە و بەهار**
**ئیوە و تیرۆر**
**تاسەر دەجەنگین**

خوینەران دەتوانن لەریگەی ئەم ئادرەسە ئینتیرنیتییەوە تابلۆکانی هونەرمەند ببینن
**http://www.geocities.com/kurd_art/simko.html**

****** لەبەر ئەوەی کە هونەرمەند بەهۆی کارەکەیەوە کەمتر لە شوینی خۆی جیگیر دەبێ، ئەم گفتوگۆیە لە ریگەی نامە گۆرینەوە ئەنجام دراوە وجاریکیتر بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر کارەکانی چەند پرسیاریکمان ئاراستەکرد، بەلاَم بەهۆی سەفەریك کە لە بواری کارەکەیدا بۆی هاتووە پیشەوە، بۆیە ناچار لەداهاتوودا بلاَویان بکەینەوە .

# لە یادی کۆمۆنەی (پاریس)١

بژار شاعیر ١٩٩٢

بەیانی بوو، شار خرۆشا
هەرچی بازی نەسرەوت هەبوو
لەسنگیانا .. وەک ئاگری کوورە جۆشا
دیسانەوە لەمێژوودا (پاریس) زەنگی لی دایەوە
وەک بارانی بەهار ، مەرگی بەسەر زولما بەردایەوە
هاوار ئەکرا :
ئیمەی جۆگە بیینە سەریەک
دەریایەکین ، گەورەو بەریین
ئیمەی درەخت
بیینەی لای یەک
گەورەترین دارستانی
چرو زەبەنگی سەر زەوین
ئازادیمان
لەمەچەک و بازوومانا زیندانییە، بەری ئەدەین
کریکارین، بەئاواتی لە میژینەی خۆمان ئەگەین
وەرنە دەری
بریاریکە، گەرانەوەی نەبیستوە
وەرنەدەری
ریزەکانمان بەخوین و دل یەک خستووە
دەرگای مال و دەرگای دلتان ئاوەلاکەن
هەم خۆتان و
هەم ئاگرتان لەدیلیەتی بەرەللاکەن
وەرنەدەری
بەراوەستان، ئیمە سیس و ئەوان گەشن
ئیمە کۆیلەی بەرهەم هین و
ئەوان گەورەی خاوەن بەشن
وەرنەدەری

بابرینمان گر بسینی و کلپە بکات
وەرنەدەری
بادل لەناو خۆری دەستا خۆی نوقوم کات
کە زریانی ئیمە هەلکات
کەشتی ئەوان سەرنگومە
چاوی ئیمە بروسکە بکات
رۆژی بەختیان شەوی شوومە
هاوار ئەکرا :
هەووری خوینن.. بگرمینن
١٨ ی مارسە !،
دەستی تۆلە لە کالانی خەو دەربینن
هەتاویکی خامۆش نەبوون،
لافاویکی بی نیشتنەوەن
ئەوەی کە "تییر" لی تۆقیوە ،
وەرنە دەری ، ئیوە ئەوەن
چەمی هاوار بە گویانا شۆرکەنەوە
وەک کریوە و
تۆفی زستان ، بە روویانا هەلکەنەوە
ئیوە بەرزن
بەو قەدەرەی ، لوتکەی چیبیا شەرمەزارە
ئیوە گەشن
بەو قەدەرەی ، گول لە رەنگی خۆی بیزارە
ئەم ( پاریس ) ە دەرگایە کە
بە رووی ئاسۆی کریکارا داخراوە .. بیکەنەوە
ئەم (پاریس) ە باستیلیکە
بە رووی چینی کریکارا راست بۆتەوە .. بیخەنەوە
نابی ئیتر ئازادیمان
وەک ئەستیرەی
گەلاویژی دوای هاوینان پی نەکەنی
نابی ئیتر

خرۆشانی ئیمە

چینی بۆرژوازی لە رەگەوە هەل نەکەنی
مەشخەلانین
کەوتوینە ری ، برسیتیمان ئەسوتینین
هەلپیچانی چەوساندنەوە
نیرگزیکە
لە سەر لاشەی سەرمایەدار ئەبروینین
هاوار ئەکرا :
ئەوەی بلی،
ژن لە ریزی پیاوا نیە
دوو گلینەی ئەکەین بە کالانی خەنجەر
ئەوەی بلی،
کاری مندال هەلۆ یەکی بەرزە فرە
ئەچینە ناو جگەریەوە
کەلە پشکۆی ئەخەینە سەر
ئەوەی بلی،
کری چوون یەک
ئەسپە شیەو دابین نابی
گری چنگمان
بە دەشتایی
هەموو سینەی ری بردووە
ئەوەی بلی،
دین و دەولەت ئەبی یەک بن
کوانوی رقمان فیری ئەکات
چۆن دالیتی
میشکی هیشتا هیشوی عەقلی نەگرتوە
١٨ مارسە
ئیلحاد ئەبی دەمامکی هەلباتەوە
لە رووی
هەموو ئاینیکا ، مانگی رووخسار شەوق باتەوە

سوپا دەبی
وەک دەولەتی رۆما لە بەر یەک هەلوەشی
پۆلیس گۆشتی برینیکە
لە هەنگاوی یە کەممانا ئەبی برزیت و داوەشی
*******          *******          *******

بەیانی بوو ، شار خرۆشا
چاو ... پرشنگ و
دل ..ئاگرو
دەست .. ئاسنی رووتی پۆشا
ووتیان :
خەوی سەدان سالە
ئەمرۆ پیلوی دەکاتەوە
میژوی چەوساندنەوە
(پاریس) وەلامی پی ئەداتەوە
ئەبینە مەرگ
بۆ وەستانمان
کلاوی خۆر دەکەین سەر
بەرەو گۆری
هەلکەنراوی
ئەم نیزامە ئەدەینە بەر
خوین مژینمان تاپۆنیە
بە گۆریانا ئەیبەینە خوار
بە روویانا
رقمان ئەکەین بە لافاوی بروسکەدار
کوورەی دەستمان
بخەینە گەر
سەد بەستەلەک دەکاتەوە
لە قورگیانا
پەردە بە سەر هەناسە دا ئەداتەوە
ووتیان بەسە !:

هەموو رۆژی
دارستانیک داریا ن لە لەشمانا ئە شکا ن
هەر بە ئیمە
زیندانەکان پر ئەکران و
دواییش بە بارانی خوینی
بەر ( مەقسەلە) چرای بەختیان دادەگرسان
ئیمە دوینی و
بە سەر هاتی ، لە مەیدانا ئاگر ئەدەین
دەست و قاچی
خەوی ماوە ، لە چاومانا زنجیر ئەکەین
١٨ ی مارسە
چۆن ریگە بەین ئازادیمان
لە دلمانا هەتاوی دانەگرساوبیت ؟
چۆن ریگە بەین دەسەلاتمان
لەدەستیانا شمشیریکی راوستاو بیت ؟
ئەمرۆ ئیتر زەردەخەنە
دەبی ئالای حوکم رانی بە سەر لیوا بەرز بکاتەوە
چاوی ئیمە ئەستیرەیە
دەبی جوابی
هەموو شەویک ، بە جریوە بداتەوە
ئەمرۆ ئیتر لەشی ئیمە
چەقۆیەکە
رووەو برین ، دەمی تیژی راگرتووە
گیانی ئیمە هەوری گرە
زەوی هەموو
غەمەکانی بە بروسکە داگرتووە
بۆ پیشەوە .. لەم کاتەوە
دل لیدان و
سەرو رەنگمان

هاژەو لوتکەو خۆرە تاوە
پەلامار و
دەنگ وروانین
وەکو بازوو
بیر و ئاوات
سۆشیالیزمی تی ئالاوە
هەر پەنجەیەک
لە رووما نا ئالاوەتە دار و تفەنگ
بیشکینن
هەرچی دلیک
شادی ئیمە دەخاتە ناو دۆزەخیەوە
بیوەستینن
بۆ ..پیشەوە
گەرانەوە
لەهەلمەتی کریکارا نەبیستراوە
گەرانەوە
بایەوانی کەشتییەکە
لەزریانی بازووما نا لوول دراوە
کوشتنی ئیمە شەتل نیە ؟
خیرا خیرا
لە کوشتارگای شەرەکانا بیرونینن
پشتی ئیمە
ئابروی خۆیان نیە
لە ژیر باری قورسا، چۆنیان بوی ببینەوینن
بۆ ..پیشەوە
باکیشەمان لەگەلیانا یەکالاکەین
بادەروازە
لەسەر خوینی هەلچومان و
رووخانی (تیبیر) ئاوەلاکەین

شاخی رۆشتوو
لەهەرکوی بی، بومەلەرزە ئەتاسینی
ئازاری گر لەخۆ بەستوو
بورکان بەزام ئەناسینی
بۆپیشەوە
ئەم هەلسانە
گەر لافاوی تووورەش
بیتە گیژەنیەوە ، تیاخنکاوە

بۆپیشەوە
کۆمۆنیزم
گلۆپی ناودل وچاوە ،
دەسەیری کەن
ئەوەتانی لە ناوەمانا داگیرساوە
**********************

# ووردبوونەوە

بژاری شاعیر

سەرحازریی ؟
ئیمە ! یاخود ئەوسەرکردە نۆکەرانەی
بەپشتین و چمکی چوغە
قوری سەردامینی جبە و عەبای (( خال خالی )) یان دەسریی ؟
ئیمە ! یاخود ئەوسەرکردە بەزیوانەی
تەزبیحەکەی (( خومەینی )) یان
بەجۆگەلەی خوینی رشتووی خەلک دەکریی ؟
ئیمە ! یاخود ئەو سەرکردە درندانەی ؟
بۆ ریکەوتن لەگەل (( بەعس )) !
وورگی ژنیان بەخەنجەر و چەقۆ لە (( پشت ئاشان )) دریی ؟
ئیمە ! یاخود ئەوسەرکردە هەلاتووانەی
پاش (( هەلەبجە )) و پاش (( ئەنفال )) و پاش (( کوچ ))ەکە
بۆ باوەشی (( سەددام )) ریگای عاریان بربی ؟
کی هاتووەتە سەر حازریی؟
ئەو کاتانەی ئیوە سەرتان خستوبووە ناو دەستانەوەو
بۆفیکەیەک لە (( بەغدا ))وە بکری ، لیکی دەمتان دەرشت
ئەو کاتانەی بزوتنەوەی کۆمۆنیزم
دەبووە هەور و بەیاننامە و مەنشوراتی
دەبارانده مالانەوەو لەناویدا ، پاش رۆژو
سامی ئاغای ئیوە ، حیزبی هەرس کردوی بەعس دەکوشت
ئەو کاتانەی ئیوە دەنکە کولەکەتان وەکو مشک
لەشەقامی (( ورمی )) و (( سنە )) و شوینەکانی تر دەکرتان
ئەو کاتانە ، بزوتنەوەی کۆمۆنیزم
سەری دەکرد بە هەتاوو شەوەزەنگی تیا دەسوتاند

*****　　*****　　*****

ئیوه لەناو گورزه .. گورزه ، تیشکی کەوتووی کوژاوەدا
ئیوه له ناو کۆمەل .. کۆمەل ، گولی گەشی دووراوەدا
ئیوه له ناو دارستانیک دلی وون بووی چەوساوەدا
ئیوه له ناو چەندین هەزار
مانگی بەزۆر له تریفه دابراوی (( هەلەبجە ))دا
لەجی ئەوەی
ویژدان ئیتر کر بگریت و بیرتان رۆشن بکاتەوە
لەجی ئەوەی گلینەتان
بەفرمیسکی درشت وەلام بەو دیمەنه بداتەوە
له جی ئەوەی سۆزی دەروون بیته جۆش و شەپۆل بدات
لەجی ئەوەی هەوری زووخاو بەسەرتانا چۆک دا بدات
دەستەکانتان کرد به تەتەر
بۆ باخەلی ئینسانه بی هەناسەکان
له چاویشدا
بوون به (( هەلۆی سووری قەندیل )) !
بۆ بازنگ و ئەنگوستیلەی ژنه گەروو تاساوەکان

*****　　*****　　*****

ئیوەی کیویی
لووت داژندوو ، چاوداخستوو ، سەرشۆرکردوو ،
له پیپکابه زەردەکانا !
له هەشتاوسی لەناوشاری شەهیدئاوای کوردستانا
له هەرمالیک بۆنی خۆرتان بکردایه
ئەتانگرت و ریک ئەتانبرد
به دائیرەی (( ئەمن ))ی خاوەن قەمه و خاوەن گۆرستانا
هەرلەو شەهید ئاوایەدا
ئەگەر داوای کلینیکسی بکردایه ،
(( رەئیس شوعبه )) بۆ سرینی پیلاوی پیی
ئیوەی کیویی وەکوبەرق
لەگەل دوایین ووشەی ئەودا ، جامانەتان بۆ دادەگرت
ئەگەر داوای لادییەکی بکردایه پیشانی بەن

ئیوەی کیویی نەخشەی هەموو کوردستانتان بۆ رادەگرت
ئەوەتەی هەن ئیوە دژی ئەوکەسانەن
ئازادی یان لە زیندانی بیری کۆندا ئازاد دەکەن
ئیوە دژی ئەو روانینە تیژ رەوانەن ،
دەبنە گولی بەربەیان و
خۆیان لەپەرچەم و قژی سەرکەوتنی سبەی دەدەن
ئیوە دژی ئەو مەرام ونیازانەن ،
گزنگ ئاسا شەوقیان بەناو هیوای خامۆش بوودا دەبەن
بە ئیوە بیت ، ژنان دەبیت چەوساندنەوە
لەگەل ناندا تیکەل کەن و لەگەل ئاودا بیخۆنەوە
شاعیرەکان ، شیعرەکانیان دەبی بەسەر
ماچەکانی (( تالەبانی )) و چی کرنۆش و
ریشووی کەوتووی جامانەیە لە (( تاران ))دا بیهۆننەوە
منالەکان لەمەکتەبدا (( بیوەشینن .. بیوەشینن ...
تەوری دەستی شەوەزەنگ و
کوردایەتی و کاک جەبار ))ە ، لە کۆرسیکدا راوەستن وبیلینەوە
بەئیوە بیت ،
شەرمەزاری وعارەق رشتن ، جیگای ریزو ستایشە
بە ئیوە بیت ، شەخسی گەورە ، هەر بەتەنیا کۆنە بەعسیی (( ئاسایش ))ە
*********************************************کەنەدا ٢٧ ی سیپتەمبەری ٢٠٠٠

## پرسیار

خالید بایەزیدی ( دلیر )
ڤانکوڤەر، کانادا

لە شەوم پرسی :
بۆ هەموو شەویک رەش پۆشیت ؟
وتی : ئاخر هەموو شەو ئەبینم
ئەستیرەیەک ، ئەستیرەیەک
دەکوژی ...

چەند شیعری دلداری

( خۆشەویستی )

بە بۆنەی تۆوە زستانی لە میژین
لە من بووەتە بەهاری دلگری ژین

هەلشرە بە مژەمژەی دەم
کە دەم دەبزوی بۆ ماچی شیرین

خۆزگایە

خۆزگایە رۆژی یاری من بوی
ئارامی دلی بی قەراری من بوی

شەهلا شەو هاتەلام بە ئەسپایی وتم :

گیانە تۆکەی شەوگاری من بووی

بیرم وەک زولفت ئالۆزە

چاوەکانت هەلینە خوینم مەریژە

ئەگەر هەر دەمکوژی ئەی گول

لە ریگەی هات و چۆی خۆتم بنیژە

سازی تەنیایی

بە سۆزی سازی تەنیایی پەریوەی کۆچی بیری تۆم

بە عیشقی تۆ وەفادارم بە دلخوازی ئەسیری تۆم

چ خۆشە گەشت و سەیرانی بەهاری جوانی دلداری

لە ئەوجی دەولەمەندی دل گولم تەنیا فەقیری تۆم

## دە لیم گەری

**عومەر تیمار**

دەلیم گەری !

کەمی بژیم

لەم بەهەشتی دنیایەدا

بە ئازادی و یەکسانی ...

دە لیم گەری !

بەسە ئیتر بیری بۆگەن

هەتاوکەی ؟!

دنیای تاریکی و نەزانی

دە لیم گەری !

هەرچی شوینی کە تۆی لی بی

بە خواکەی تۆ ، شەر و شۆرە ،

قات و قرە

ویرانەیە .

دە لیم گەری !

هەرچی ئەقل و هۆش و بیر و

عیلمت هەیە

خەیاڵاوی و دوور لە راستی و کویرانەیە.

دە لیم گەری !

کی تا ئیستا

فیری ئاوی زەنجەفیلە

بیخواتەوە.

دە لیم گەری !

کی ئەتوانی رۆژی چەند جار

ئەم ژیانە لە بیری خۆی

بباتەوە ؟

لە بیری خۆی بباتەوە !

## مەرگی ئاشتی و شەری ژیان

هەژین

منی
کە برسیتیم
شەوگار شەق دەکاو
بەرەو هەراجگەی ژین
بەریم ئەکا
تاکولیرەیی، لەبەر تیشکی
بە پارە کراوی خۆرەتاوا
ببرژێنم
منی
کە بە رۆژا ون دەبم و
شەوانییش خۆم نادۆزمەوە
چۆن دەتوانم و
ئاوەزم دەیگری
خەون و خۆزگەی خۆم
لە ملی برایی تۆدا بهۆنمەوە

ئاخر دەمیکە دەزانم

تۆ بە من نامۆی

تۆ مۆرانەی بیری مرۆی

تۆ تۆی

گولە کنگری

بی رەنگ و بۆی

تۆ ئازار و سۆی

کوا تۆ وەک من

رەنگ زەرد و رەنجەرۆی

کوا مە برایین

ئیمە و ئیوە

دوو چینی جیایین

مە پیستمان رەش

ئیوە ئاختان

مە مومان رەش

ئیوە بیرتان

مە ڕۆژمان ڕەش

ئێوە دێڕۆکتان

مە بەشمان هەش

ئێوە دوا ڕۆژتان

مە ئاسۆمان گەش

ئێوە دۆزەختان

کوا مە براین

ئێمە و ئێوە

دوو دوژمنی هەتاسەر و

هۆگری دوو خەون و بیری

جیاین

## [illegible] هەژین

ئەو رۆژانە هەر باس باسی خدرو إبراهیم ی بوو؛ بـرام فـرە نورانـین ، کـورە بابـە فریشـتەن ، ئەی چۆن کێ ئیژێ یـەکیکیان حزرەتـی مـەهدی مـەوعودی نییـە ، ئـەی خۆزگـەم بـە داكو بابتـان کونجی بەهەشتێ جییانە. هیندە ناوبانگی بیگەردییان رۆیشتبوو، هەرمناڵ بوو خۆزگـەی دەخواسـت کاکیان بوونایە. هەر کچ بوو بەئاواتەوە بوون، دەزگیرانیان بوونایە. ئـاخر نـاو ناوبانگیـان لـە مـرۆڤ بوون تیپەری کربوو؛ رۆژێ دەبوونە نەوەی پەیامبەرو، رۆژیـك دەکرانـە مەمـەدی مـەهدی، رۆژیکیـش فریشتە.

خەلکی ئاوایی وەها باوەریان بەخۆیان هینابوو، مادامەکی کاکە خدرو إبراهیم لە ئاواین، ئەوا خیرو بەرەکەت بەسەر گونـدیدا دەبـارێ. هیندیك بـۆ خـۆ نزیـك کردنـەوە لییـان، گـەر مەرەکـەی دووبـەر بەیەکەوە بزایە دەیانکردە هەڵاو دەیگووت خەلکینە بنوارن ئـەمن نـەمگووت پـاو قـەدەمی مامۆسـتا خدرو مامۆستا إبراهیم بەخیرە ! خۆ مامە قالە دوکانداریش گەر زەرەریشی بکردایە، ئەوا دەیگـووت ئـەدی کـوو بـابم خـۆ گارتـەی نییـە، دوو فریشـتە دابەزیونەتـە ئـاوایی، هینـدەی قـازانجم کـردووە، زەکاتەکەیم پی نـاژمیرێ. مامـە عـەلیش لـەو لاوە بەگۆچانەکەیـەوە لـەرزە لـەرز خـۆی دەگـەیاندێو قورگی لۆ ساف دەکردو دەیگووت: یا خوا بەخیر بین، تەشریفیان هیناوە، خودایا شوکر وشکەی ئەم زستانە تەرو تووشەشمان مسۆگەر بوو، قادری برام چۆنی ؟

کەریمی چاپچیش هەلی دەدایەو بۆی تەواو دەکردن: کورە بابە ئەوە بۆ نابیژن، لەوەتەی ئـەو دوو زاتە موبارەکانە هاتوونەتە نیومان، زارۆلەکانمان پیویست ناکات بە شەولەبانو خیو بترسینین؛ ئـاخر برام راستە من قورحانم نەخویندگە، بەڵام لەزاری مـەلاو شـیخانەوە گویم لیبـووە، کـە پیـاوی سـالح رووی لەهەر شوین نا ئیتر هەموو شتێ باش دەبێ، خۆ بەگاڵتە ناویان نەناوون خدر و إبراهیم.

چەکدایکی زەردەلەی ریشن دەتووت لەئەفگانستانەوە تـازە گەراوەتـەوە کردییـە جـواو: لەوانەیـە گەر شتیکتان بۆ باس بکەم لەوانەیە بیـژن چـی، بـەو قورعانـەی خویندگمـە ئـەوەی ئیژمـی خـۆم وە چاوی خۆم دیگمە؛ تازەکی ئەم دوو برا دینییەمان هاتبوون، شەوانە ئەیان ئیژا "بنوون، هیچ خەمتان نەوێ ئەمە خوامان لەتەکە " راستییەکەی ئەمەش حالی نەدەووین چـی ئیـژنو قەسـتیان چـەس. تـا

شەویکیان بێ عــەدەبی نـەوێ دەچوومـە عەدەبخانـە چیـم دی، بیـژن چـی، بـەو خوایـەی هـا وەبـان سەرمانۆ هــەر چـوار دەوری مەقەرەکـەمان چـەکداری سـپی پـۆش بـوون، حەرەسـەکەش لـە شـیرین خەودابوو. بەو قورعانەی دەسم لێ داگە چیـم بۆتـان گیراگەسـۆ خـەلافی نـەوو. جەماعـەت بـەدوایدا: ((سوبحانەالله برام تۆ بەهەشتیی.. قەسەم بەخوا ئاوری جەهەنەم وەچاو ناوینی.. خۆزیـەم وەخـۆت براله)) درۆکردن بوو بوو بەپیشبرکێو لەخۆ بردنە پیشەوەدا برا برای نەدەناسـی. تـەنیا کەسـیك کـە لەبەر خۆیەوە پیشی لێ دەخواردنەوەو سەری ئاوسـا بـوو لەدەسـت خۆشـباوەری خەلکەکـەو نەشـی دەویرا قسەی بکاتن، حەمە چکۆل بوو. وەخت بوو شەق بەرێو لەبەر خۆیەوە دەیگووت: ئاخر نازانم ئەم خەلکە چییان لێ قەومیاگە، وا ئەو دوو سـاختەچییەیان لێ بووگەسـە شـتێ نایـاب. ئـاخ خلەوبلـە دەرتان لە گیانم گەر رۆژی خۆی دێو درۆتان لێ سـپی دەکـەمۆ، ئەوسـا دەبینـن، ئـەم خەلکـە فریـو خواردگە چۆن لیتان دیتە جواو حەساو کیتاوتان لەتەك دەکات. ئای چەندە بیشـەرمن، پیشـم ئیـژن: کاکە موحەمــەد بـۆ نایییتـە مزگـەوتێو لەتـەکمان تیکـەڵ نابـێ. ئـاخر بابینـە بـۆ کەلـەگاتانم تـا تیکەلتان بم. ئاخ گەر بە من بووایە شـار بـەدەرم دەکـردن. لـەو رۆژەوەی ئـەو خویریانـە هاتگنەسـە ئەگرە، خۆ هەلالەش دلی گۆراوەو توورەکەیـەکی کردگەسـە سـەرێو ئیـژی قەلەرەشـەس دەنووکـی شۆر کردگەسۆ، ئاخر تۆ بۆ، هــەش وەسـەر ئەترسـم ئـەم هەتیوانـە جادوویـان لـەم خەلکـە کـردوێو خەویان لێ کەفتبێ.

بەلام نازانم چۆن وەو خەلکـە بیـژم، کـە ئەمانـە دەسـت بەرووەمـەتی منالـەکانتانا ئینـو چاوبـازی دەکەن. بروا وە من ناکەنو ئیژن ئەم حرامزادە گاورە رقیەسی لە دینو گەرەکیەسی ئەمــەش وەکـی خۆی لێ بکاو لەدین وەرمان گـیرێو عاقیبـەت شـەرمان کـا. مەگـەر لـە باخـەلی ژنـەکانیانا بیووینـن، ئەوساکە دەزانن خلەو بلە کین. خۆ گەر بزانن من چۆنی بیردەکەمەوە، ئەوا شەویك دەمکوژنو ئیــژن فریشتە سپی پۆشەکان بوون. ئەم ئاواییە کاول بووگە ئیـژی شـیتخانەیە، گـەر دکتۆریـك لەسـەرووی ئاوایی دانــێو نووشـتە نووسـیکیش بەریتـە خـوار ئـاوایی ئـەوا وەك تـەیری گـول لـەداری زەقنـەبوت کۆدەبنەوە. تۆ بلیی هەروا بۆیان بچیتە سـەر، ئـاخر هەلالـە تـۆ بـۆ؟ راسـتە مـن دایکـە کلۆلکـەم بـە هەتیوی گەورەی کردگم، بەلام هیندەم خۆشدەویستی، خۆزگەم دەخواست کە رۆژێ بتوانم لەتەك تۆ مالیکی چکۆلانەمان هەبێو جارجارەش بچینە شارو بۆ خۆمان رابویرین

دەنگە دەنگ خەلکەکەی لە زەماوەندی بەئاگایان هیناو، هەرکەسە بوو بەپرتاو بەرەو مزگەوت

غاری دەدا. لەبەر خۆیەوە وتی: با برۆم، بزانم چ موعجیزەیەکیان نیشان داگە. ئەویش خۆی گەیاندێو چاوی بروای نەدەکرد، ئاوا خیرا ئاواتەکەی بیتەدی.

ئاهههه ئەوە من بووم ئەو رۆژەم بەچاوی خۆم دی، باش بوو ئاواتەکەم نەبردە ژیر گڵ. حاجی رەمەزان، دەستە پانو پۆرەکانی کیشایە بان قورئانەکەو قورگی پاك کردەوە: بە هەقی ئەم قورحانە ئەوەی دیگمە، وەراستی وە ئیوەی ئیژم، برام هەوە سۆفی قوربانی ماگەو نەمردگە، بۆ رۆژی قیامەت وە شاهیدم گرتگە، بیژە سۆفی، مەردی خوابەو تۆ بیژی، قەسەم وەخوا بروا ناکەم لەوەتەی ئەم ئاواییە گیانلەبەری هاتگەسە ناو کاری وا خراو کریاوێ. نازانم چیتان پی بیژم، شەرم دەکەم، سۆفی تۆبی خواو وەعالەمی بیژە، ئاخر من خەجالەت ئەکیشم، نەعوزەن باللە، ئەستغفیروالله، خوایا بۆدویکە منت نەکوشت، تا خەراپەی وا نەوینم؟

مەلا: رجوع بەرۆ حاجی، ئەزانی چی ئیژی، تۆ ئیراد لەکاری خوا ئەگری !

حاجی رەمەزان: تۆبە خوایا خوارد ، بەگەورەیی خۆت بمبەخشە.

مەلاحەبیب: ئیستاکە لەقسەکانی حاجی هیچمان لێ حالی نەوو، بیژە سۆفی قوربانی بزانم، چیت بینیگەو چی روویداگە، تا بزانین بەپیی شەرعو یاسای خودای دەبێ چی بکەین، تا ئاوایی خەرقی غەزەوی خوا نەوێ.

سۆفی قوربانی: قوربان چیتان عەرزکەم، ئەستغفیروالله مامۆستا ئەو رۆکە منو حاجی لاوەلا پیاسەمان دەکردو کەمێ حساو کەتابی خۆمان هەوو ویستمان بیورینۆ، تا فەسلی زەکات نەهاتووە. کە گەیشتینە بەر باخەکەی مام وەلی، نەعووزەن باللە، ئەستغفیروالله، خوایا تۆبەو هەزار پەشیمانی. ئیتر ئەوەی دیگمانە بۆ باسکردن ناشێ، بی عەدەبی نەوێ شەرم دەکەم.

مەلاحەبیب : کورە بابم پیاوی خاس وون، بیژن چی بووگەو چیتان دیگە، ئاوا ناوێ، چۆن شەرعی خودای وا ئەکرێ ؟

سۆفی قوربانی: یەعنی من بیویژم، گوناحوار ناوم ؟

مەلاحەبیب: نە باوە، گەر باستان نەکردایە، فرە خاس بوو، بەڵام پاش ئەوەی گشت ئاوایی زانیگیەسی، ئیتر وەو جۆرە ناوێ !

سۆفی قوربانی دەستە لاوازەکانی بەترسو لەرزەوە بە قورئانەکەدا کیشاو بە هەناسە برکێوە وتی: بەخوا مامۆستا مادام تۆ فەرمایشتت کرد، منیش راستو رەوان ئیژمی. عەیب نەوێ لەرووتان، شەرع

شەرمەی بریگە؛ وەك حاجی رەمەزان گیرایۆ، کە گەیشتینە بـەردەم باخەکـەی مـام وەلی، چمـان دی خـوا نـەعوزەن بااللـە، ئەسـتغفیرواللە، دیمـان کەسـێ قونیگەسـە بـان کەسـێتر، نـەعوزەن باللـە، ئەسغفیرواللە، هەناسەبرکییەسیو ئەویتریش ئەستغفیرواللە خوایا تۆبـە لـەژیریا نقەنقیەسـیو خوایـا تۆبە، گوم خواردوێ (( هیواش هەتیم دریام)) ئەو گاوربابە وەك کەلەشیر قونیبووە بانیو هەر هنگـە هنگی بوو، قەسەم بەقورحان مامۆستا تەشبیە بەوە نەوێ تۆش وە ناقونیتە بان مەلاژن.

مەلاحەبیب: سبحانەاللە ئەوە تۆ چیت لی قەومیاگە سۆفی، بە تۆمان وت بۆمـان بگـیرەرۆ یـان باسـی ناموسی ئیمەو مانان کە، بیتامت کرد سۆفی، برام ناوێ تۆ قسەی بن دیواران لەگرە باسکەی !

سۆفی قوربانی: عافووەن مامۆستا، هۆشم لەخۆم نەماگە، خولاسەی کـەلام، ئـەوە هیشـتا ئـەم بـاوە حیزانە بە ئەمەیان نەزانیبوو، وەك وتم شەرع شەرمی بریگە، خاسترە راستو رەوان بیژمـی؛ ئـەتووت گەمالەو لەتەك دیلە سەگی لکیاگە وەها پیوەی نووسیاوو، هەچەندی ئەوەی ژیری وەخت بـوو نقـەی لی بورێ، بەڵام باش بوو منو حاجی بەقوربانی هیمەتی بم، توانیمان لیکیان جیاکەینۆو بەڵا نسـفەت وەك ی بیان تیرینۆ خزمەت تـۆ. ئەمـە حـاڵو هـەوە حیکایـەت. بـەخوا لـەریگا هـەردەم وت بـەس نەبوو، دەستیان رانەگەیشتە منالکانمان وەك فەقیکەی هەو سالەی سەی سایەق. خوایـە تۆبـە خـوا، لامان دەی لەبەڵای ناگەهان.

مەلا حەبیب: ئیستاکە پاش ئەوەی گویمان لە قەولەکانی حـاجی رەمـەزانو سـۆفی قوربـانی راگـرت، نۆرەی پرسو جواوە لەو فریـو خواردوانـەی شـەیتان، تکـا دەکـەم گشـت لایـەك دان بـەخۆدا بگـرن، هەروەها کاکە خدرو ئیبراهیمیش دەبێ هەرچی بووگەو روویداگە، وەتەواوی بۆمـان بگـیرنۆ، تـاوەکو بتوانین شەرعویاسای قورئانی پیرۆز جیبەجی کەین بەحەولو قوەتی خوای بانیسەر.

+ کورم خدر ئایا ئەوە راستە، کە لە قەولەکانی حاجی رەمەزانو سۆفی قوربانیدا هاتگە، ئایا تـۆ ئیقرار دەکەی کە کاری خراوی وەهات کردوێ ؟

خدر: ئم.

مەلا حەبیب: کورم وەها ناوێ، دەبێ وەجوانیو راسو رەوان چـۆن بووگـە بۆمـان بگـیریتۆ، شـەرمی پیناوێ، هەر پیاو تووشی قەزاو قەدەر ئەوێ.

خدر : مامۆستا خەتای ئەوو، لەپیشا قونییە بان من، بەخوا مامۆستا من ئەمرۆ فـرە حـەزم لی نـەوو، ئەوو وەك شەیتانی قونییە بانم.

مەلا حەبیب: باشە کورم ئیبراهیم، پاش ئەوەی کە گویمان لە ئیفادەی ئەوو، تکا لەتۆش ئەکەین، راسمان پی بیژە تاوەکو عەدالەتی خوداو پیغەمبەران بووەینە ریوۆ.

ئیبراهیم: بەخوا مامۆستا بەو قورئانەی خویندگمە من نۆرەی من نەهاتووو، خەتاوی ئەوو گشت رۆژێ وەك حەرەمی هاتگەسە لام، بەخوا مامۆستا ئەو لا مەسەوە هیچ روحمم پی نەکردگم، لەگشت شتیکا هەر ئیژێ من خەتمیکم لەتۆ فرەتر کردگەو ئەوێ من لەپیشەوە بقونم.

+ئاخر مامۆستا ئەو هەر لە منالیۆ بەمن فیر بووگە، وەختێ من منالْ بووم، ئەو باوکی فرەی هەبوو منیش دایکم وە هەتیوی گەورەی کردگم. ئیتر گشت رۆژێ دەسی ئەوردە پشتمو پیم فیر بوو، جاریکیان وە مامۆستاکەمان عەبدولقادرە فەنیم وت مامۆستا خدر وازم لی ناتیرێ، مامۆستا بروای وە من نەکردو وتی "هەتیو خویری بۆ بوختان بۆ کوری حاجی رەزاق هەلئەبەستی، برۆ ونبە لەبەرچاوم چلمنی پیس" ئیتر نەمدەویرا بەکەسی بیژمو دەرەقەت خدریش نەدەهاتم، ئاخر گشت تەلەبەکان لیی دەترسیان.

مەلاحەبیب: باشە کەوابێ دەس وەکار بین‌و حوکمەکەی " فاروق" وە عادیلانە بدەین وەسەریانا. بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە، من مەلا حەبیب کوری مەلا رەشید کورەزای مە تەبیب کورەزازای مەلا نەبیب تا دەگاتە سەجەرەی سەلاحەدینی ئەیوبی ئەو قارەمانەی کە تەفرو تونای کردگە لەشکری سەلیب. دەمەوێ بە پشتیوانی خوای گەورە سزای عادیلانەی قورعانی پیرۆز وەسەر ئەم دوو بەندەیەی خودا بدەین‌و لەخراپەکاری پاکیان کەینۆ.

+ ئامادەن کورم خدر ئیبراهیم ؟

_ بەلێ مامۆستا

+ کورم دەبێ تا ناوقەدتان رووتۆ کەن، بەپیی ئەو سزایەی چوار ئیمامان‌و جامعەی ئەزهەر دایان ناگە، ئەوا یەکی هەشتا شەلاقتان دەبێ لی بووریێ، بەندەش وەم کارە پیرۆزە هەلدەسم، بەلکوم خوای گورە لەگواحی گشت لایەکمان خۆشوێ. ئامین یا رەبەلعالەمین. کورم خدر دەبێ تۆ هەوەلجار شەلاق بخۆی، چونکە تۆ لۆتی‌و ئەو مەلوتە بەتائی گەورە. پاش شەلاق خواردن ئەبێ تۆوە بکەی‌و وەپەلە خۆو فری دەیتە ناو حەوزەکەی مزگەوت.

خدر: بەلێ مامۆستا، ئای..ئای ئای

مەلا حەبیب: کورم گەر کاری وەها خراوت نەکردایە وەو جۆرەت بەسەر نەدەهات، هم..هم هم هم

خدر: مامۆستا فرەم ماگە، تو خوا سووك لیمدە، بیژە مامۆستا چەندم ماگە ؟

مەلا حەبیب: هەفتاو هەشت. هـم.. هـەفتاونۆ. هـم.. هەشـتاااااە، بـرۆ کـورم باسـارد نـەویتۆ، تۆبـەی خیرت بیت. کورم ئیبراهیم تۆ حازری؟

ئیبراهیم: بەلێ مامۆستا، توخوا مامۆستا سووك لەمن دە، ئاخر من هیشتا هیچم نـەکردبوو، مـن فـرە ئەترسم.

مەلاحەبیب: چۆن هیچت نەکردگە، ئەی سواری کێ بووگە، خۆ سواری بابم نەبووگە ؟

ئیبراهیم: ئای یای یای.. ئاااااای بابەرۆ مردم خوایا، ئاخر کەی هەقە بقوننە بانتو شەلاقیش بخـۆی، ئای ئاااای، مردم وەی خوایا، ئاخر ئەو کردگیەسی بۆ لەمن دەدەن ، ئای یا یایای، ئای نەنکە رۆ.

مەلاحەبیب: ناشوکری مەکە هەی لامەسەو، ئەو کردگیەسی تۆش داگتە، هم .. هـم.. شەسـتو پینـج هم..، شەستو..

ئیبراهیم: ئای .. بەخوا مامۆستا خۆم ژماردگمە ئەوە هەشتاودوو. ئای پشتم خوایا.. ئای ئـایییی، ئای باوکەرۆ مردم، خۆ ئەو هەتیوەش ئەوەندە ئازاری داگم، بەسە توبی خوا، ئـاأأأأأای مـردم دایکـە گیان..

مەلاحەبیب: هم.. هەفتاونۆ. هم.. هەششتاااا، هەستە برۆ، هەستە گەر ئازارت هەیە چۆن ئـەو شـتەت پی هەلگیراگە ؟!! خوا لیتان رەزا بێ. برۆن ئیتر تۆبەی مەرگی لیبکەنو کاری وا مەکەنۆ!

خدر: بەلێ مامۆستا، شەرت بێ شەرتی خوا جاریکیتر گوی وا نەخۆم.

حەمەچکۆل: ئەی فریشتە جلك سپییەکان چییان وەسەرهات، خۆ لە ئەفگانستانیش بوایین دەمگـوت ئەوە هیزی ئەمریکایەو بە پەرەشوت داباریونو بـەرگی سـپیان پۆشـیگە، قـور وەسـەرمان ئـاوا بـروا ژنەکان دەبنە عەزراو ئیمەش قەومی لوگ، ئاواییش پر دەبێ لە کورانی خوا ..

# نازم حیکمەت باشتر بناسین *

**رەگی هۆنراوەی من لە خاکی سەرزەمینی مندایە**

**نازم حیکمەت**

## لە سێ سالیدا لە حەلەبی تازە پاشا بووم

سالی لە دایکبوونی نازم حیکمەت ١٩٠٢ی زاینییە. لەم سالەدا یەکەمین کۆنگرەی شۆرشگیران و ئازادیخوازانی سەرتاسەری ئیمپراتۆری گەورەی عوسمانی لە پاریس دەبەستری و ئەم کۆنگرەیە سەرەتایەکە بۆ هەلگیرانەوەی کۆشکی سەرکوتگەرانەی سولتان عەبدولحەمید دووەم ئیمپراتۆری سەرکوتگەری عوسمانی.

(( حیکمەت بیگ )) باوکی نازم ئەندامی شالیارگەی کاروباری دەرەوەی عوسمانییەو لە سالۆنیك خزمەت دەکاتو باپیرە گەورەی وی (( نازم پاشا )) لە پیاوانی دەولەتی عوسمانییە، ئازادەو ئاشقی شیعرو ئەدەب و هۆگری ((مەولەوی )) یە، لە سەرەتادا والی زۆریك لە ویلایەتەکانی تورکیە بووە، بەلام چونکە لە ماوەی فەرمانرەواییدا لە میرسین دژی کاپیتۆلاسیۆن وەستاوەتەوەو ئینگلیزیکی تاوانبار ( مرۆڤکوژی ) بێ مۆلەتی کۆشکی پاشایەتی لە سیدارەدا، لەبەرچاوی سولتان کەوتو وییان بەشیوەی نیوە دوورخراوەیەك وەك (( والی)) ناردە حەلەب.

حیکمەت بیگ یش لەم کاتانەدا لەخزمەتی شالیارگەی دەرەوە وەرس دەبێ، بە هاوسەرەکەی (( جەلیلە خانم )) کچی (( ئەنوەر پاشا )) کە ژنیکی جوان، تیگەیشتوو خوینەدوار بووو زمانی فەرەنسی بە چاکی دەزانیو نیگارکیشیش دەکات دەلێ : (( من لە شالیارگەی دەرەوە وازدەهینم، چونکە لەم بارەدا یان دەبیت لایەنگری سولتان بیتو جاسوسی بکەی یان ئازادیخواز بیو بەرەوپیری مەرگ برۆی.)) بە رەزامەندی جەلیلە خانم واز لە کارەکەی دینێ لەبەر ئەوەی لەو جییە دەرامەتیکی نییە، ناچار کورە تازە لەدایکبووەکەیان نازم لەگەلٚ خۆیاندا دەبەنو دەچنە حەلەب لای (( نازم پاشا)). نازم حیکمەت تا سێ سالی لە حەلەب لەلای باپیرەی دەژیو پەنجەراکیشانە بۆ ئەم سالانە کە لە هۆنراوەی (( ئۆتۆبیۆگرافی)) خۆیدا دەلێ : (( لە حەلەبی تازە پاشا بووم )) .

سەرئەنجام پاشاش خانەنشین کراو لەگەلٚ خیزانەکەیدا گەرایەوە ئیستانبول. موچەی خانەنشینی (( پاشا )) بەشی ژیانی خیزانەکەی نەدەکرد. نازم کە یەمجار ناردبوویانە فیرگەی منالە دەولەندەکان ناچار گواستیانەوە بۆ فیرگەیەکی هەرزانتر، بەلام باپیرەی خانەنشین کە لەکاتی

دەستكورتیشدا مالەكەی هەمیشە پر بوو لە میوان، بیجگە لە باسی هۆنراوەو هۆنەری هیچ كاریكیتری نەبووو نازمی بچكۆلەش لە تەنیشتی وی‌و لەژیر كارایی كەشی ئەم كۆروكۆمەلانەدا لەگەل شەیدابوونی بۆ هۆنراوەو هۆگری بۆ (( مەولەوی)) گەورە بوو.

لەم رۆژانەدا شەری جیهانی یەكەمیش دەستی پیكرد بووو دەولەتی عوسمانی شانبەشانی ئالمان چووبووە شەرەكەوەو ئەم كارە هەژاری خیزانەكەی زیاتر دەكرد. لە هەمانكاتدا (( پاشا )) كە لە گەرەكەكەدا بە پایەیەكی بەرز دادەنرا هەمیشە خۆی ناچار بە یارمەتی هەژاران دەدی كە رۆژ بەرۆژ لە زیادبووندا بوون‌و دەهاتنە بەر دەركەكەی ئەو دەرامەتە كەمەشی لەنیو هەژاراندا دابەش دەكرد.

نازم پەراوەكانی فیرگەی یەك بە یەك لەو هۆنراوانەی كە دەیوتن پردەكردەوە. لە كۆتایی شەردا ئەو هۆنراوانەی كە نازم دەیانلێ لە كۆروكۆمەلەكانی باپیرەیدا دەخویندرانەوەو هەموویان ئافەرینیان لیدەكرد.

((جەمال پاشا )) شالیاری دەریاوانی كە ئەندامی ئەم كۆروكۆمەلانەیە شەیدای خۆشی‌و چالاكی نەوەی پاشا دەبیت‌و هانی دەدا تاوەكو بچیتە فیرگەی هیزی دەریایی. نازم رازی دەبیت‌و دەچیتە فیرگەی سەربازییەوە.

شایانی باسە كە پینج سال دواتر لە ١٩٢٢دا نازم‌و پاشا لە مۆسكۆ یەكتر دەبیننەوە (( پاشا)) وەك جاران داوا لە نازم دەكات كە هۆنراوەیەكی بۆ بخوینیتەوەو نازم بۆی دەخوینیتەوە. روخساری پاشا دەشیوێ. ناچار بیدەنگییەكەی دەشكینێ‌و دەلێ:

- ئەگەر ریوشوینی جارانم هەبووایە دەتمدا لە سیدارەت بدەن‌و لەژیر سیدارەكەدا دەگریام.

نازم وەلامی دەداتەوە:

- بەلام جیاوازی من‌و تۆ ئەوەیە كە من تۆم لە سیدارە دەداو نەشدەگریام.

ئایا لەماوەی ئەم پینج سالەدا نازم چی بەسەر هاتبووو چۆن نەوەی پاشا گەیشتبووە مۆسكۆو بووبووە هۆنەریكی شۆرشگیر. رووداوەكانی ئەم پینج سالە بەكورتی دەربرین :

نازم فیرگەی دەریایی تەواو كردو بۆ خولی پراكتیكی چووە هیزی دەریاییەوە بەلام پاش تووشبوونی بە نەخۆشی (ژات الجنب ) سییەكانی خلتیكی زۆر دەگرن‌و لەخزمەتكردن لییدەبوورن.

سالی ١٩٢٠ ، دوو سال بەسەر كۆتایی شەردا تیپەریوە. دەولەتی عوسمانی لە شەردا شكستی خواردووەو گشت ولاتە بندەستەكانی ئەو ئیمپراتۆریە ئازاد كراون‌و لەو ئیمپراتۆریە پانوپۆرە تەنیا

خاکی بنەرەتی تورکیە واتە ((ئاسیای بچووك)) ماوەتەوە. بەلاّم لەم سنورە فەرمانرەواییە بچووکەشدا ئیتر سەربەخۆی لە ئارادا نەبوو. سولتان موحەمەدی پینجەم خۆی لە دەسەلاّت کیشاوەو سولتان موحەمەدی شەشەم لەجیی وی چووە سەر تەخت. ئیستانبول لەلایەن هیزە هاوپەیمانەکانەوە داگیر کرابوو، (( بابعالی))و کۆشکی ((دۆلمە باخچە )) لە بیدەنگییەکی مەرگباردا نیشتبووو دوا ئیمپراتۆری عوسمانی لەدەستی هیزە داگیرکەرەکاندا بووکەشووشەیەك بوو. میلەت بەگشتی لە سولتان تەمابر بووبوون‌و گشت چاویان بریبووە ئاناتۆلی‌و بەرەو (( موستەفا کەمال پاشا)) کە لە ئانکارا (( هیزە میللیەکان))ی دامەزراندن‌و لە هەولی رزگارکردنی ولاّت لەدەست بیگانەکاندایە. داهاتوو لە ئاناتۆلیە، هیوا لە ئاناتۆلیە، پەیوەندی دەولەت لە ئاستانبول لەگەلّ ئاناتۆلیدا پچراوەو ئەو کەسانەی کە هۆگری رزگاری نیشتمانن روو دەکەنە ئانکارا.

لەم سالەدا (( نازم حیکمەت))ی هەژدە سالە لە کۆروکۆمەلە هونەرییەکانی ئیستانبولدا وەك هۆنەریك تەواو ناسراوە. هۆنراوەکانی لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا چاپ دەکرین، لە پیشبرکیی هۆنراوەدا بەشداری دەکاتو براوە دەبیت. بەلاّم بۆ وی ژیان لە ئیستانبول کە لەژیر پۆستالی داگیرکەراندایە لەتوانای بەرگەگرتندا نییە. دواجار بریاری خۆی دەدات. بەبیّ ئەوەی لەم بارەوە لەگەلّ باوکی قسان بکات، لەگەلّ یەکیك لە هاوەلە دلسۆزەکانی (( والا نورەدین )) سەفەری خۆی بۆ ئاناتۆلی دەست پیدەکات. لەم سەفەرەدایە کە بۆ یەکەمجار نازم روخساری واقیعی نیشتمان‌و گەلەکەی خۆی دەبینیت. یەکەمین جارە کە لەگەلّ ژیانی کولەمەرگی ژنان‌و منالاّنی برسی‌و رووتەلەو نەخۆشی نیشتمانەکەی خۆیدا ئاشنا دەبیت. نازم هەرگیز تا کۆتایی تەمەنی ناتوانیت ئەوەی کە لە ئاناتۆلی بینیویەتی لەبیر بکاتو لەوەو بەدواوە گشت هۆنراوەکانی وی بە سروش وەرگرتن لە ژیانی ئەم خەلکەوە وەردەگریّو بۆ ئەم خەلکە دەبن.

نازمو (( والا)) لە ئیستانبولەوە چوونە ((ئینەبولو))و لەویوە بە پیخاوسی بە نیو گوندی ویران‌و خەلکی نەخۆش‌و برسیدا ریگەی ئانکارایان گرتەبەر. ئەم سەفەرە حەوت رۆژ دریژەی کیشا. ئانکارا لەنیو هەژاری‌و بەدبەختی‌و بیچارەییدا نوقم دەبوو بەلاّم هۆنەری لاو ریگەی خۆی هەلبژاردبوو: دەیویست لە شەری سەربەخۆییدا بەشداری بکات. هەولیکی زۆری دا، بەلاّم وییان وەرنەگرت، کەسانیك بوون کە دەیانزانی سییەکانی وی نەخۆشن‌و پیشتر لە خزمەتی سەربازی لیبوردراوە. خزمو کەسانیك کە لە ئانکارا هەیبوون هەولیاندا تاوەکو کاریکی ئابرومەندی لە نووسینگەی چاپەمەنی

ئانکارا بۆ پەیدا بکەن. بەڵام نازم رازی نەبووو ویستی کە وی بۆ شەرگە یان وەك مامۆستا بنیرنە گوندەکانی ئاناتۆلی. بەم هۆیەوە دەیویست خەلکی ئاناتۆلی باشترو زۆرتر بناسیت. وییان نەنادرە شەرگە بەڵام توانی بەپیداگرتنیکی زۆر فەرمانی مامۆستاییەکەی لە لادیی ((بولو)) بەدەست بینیّو هاوەلەکەشی والا کەوتە دوای ویو هەدووك چوونە ((بولو)).

لە هاوینی١٩٢١دا نازمو هاوەلەکەی بەپیّ کەوتنەریّ. نازم لەنیوەی ریدا نەخۆش کەوتو بە خزمەتگەری گوندنشینان چاك بووەوەو دواجار ماندووو نیوە گیان گەیشتنە ((بولو)).

مامۆستایی لە ((بولو)) وی زیاتر لە خەلکی هەژارو لیقەوماوی ئەو ناوچەیە نزیك دەکردەوە. هەرچەند پەیوەندی ئەو خەلکە لەگەلّ نازم دا زیاتر دەبوو زەنگی مەترسی بۆ ئاغاو سەرۆك هۆزە ناوچەییەکان دەزرینگایەوە بەجۆریك کە سەرئەنجام بریاری کوشتنی وییان داو ئەگەر یارمەتی ((ضیاء حلمی )) فەرمانرەوای رۆشنبیری بولو نەبوایە لەوانەیە پەراوی ژیانی هۆنەر هەر لەو گوندە دووردەستەدا داخرایە. (( ضیاء حلمی )) دەستبەجیّ ئەوانی لە بولو دەربازکردو بردنیە گوندیکی خۆش ئاووهەوا لەو نزیکانە. نازم لەویندەریّ ژیانیکی تا رادەیەك ئاسودەی هەبووو دەیپەرژایە سەر خویندنەوەو نووسینو هۆنینەوەی هۆنراوە. لە (( ضیاء حلمی ))یەوە فیری فارسی دەبووو هەروەها خەریکی باشتر فیربوونی زمانی فەرەنسی دەبوو کە لەمنالیدا لە دایکییەوە فیربوو بوو. لەنیو ئەو پەرتووکانەی کە دایکی بۆی ناردبوو چەند پەرتووك لەبارەی شۆرشی فەرەنسەوە بوون کە نازم بە هۆگرییەوە دەیخویندنەوەو بەردەوام ئارەزومەند بوو کە شۆرشیك وەك شۆرشی فەرەنسە لە وڵاتەکەی ویشدا روویدات، بەڵام (( ضیاء حلمی )) ئەوی لەم خەونو خەیالە دەرهیناو پییگوت کە : (( ئەو شۆرشە ئیتر بەسەرچووە. شۆرشیکی گەورەترو قولتر لەم وڵاتە هاوسیەماندا لە روسیە رویداوەو سەیرە کە هیشتاکە ئیوە لە ئارەزووخەونی شۆرشی بۆرژوازی فەرەنسەدان.)) ئەم وتانەو قسەوباسی دوورودریژتر کە بەدوای ئەوەدا پیکەوە هەیانبوو بەرە بەرە نازمیان لەژیر کاریی شۆرشی فەرەنسە رزگار کردو بیر و سەرنجی وی بەلای شۆرشی روسیەدا شکایەوە. ئیتر نازم و هاوەلەکەی ((والا)) لەبری فەرەنسەو پاریس دەیانویست بچنە روسیەو بەتایبەت مۆسکۆ.

دواجار بریاری یەکجاری خۆیان داو (( ضیاء حلمی ))یش لەم بارەوە یارمەتیدان. تەنانەت خودی ئەو پیی وتن کە لەگەلیاندا دیتو پیکەوە ئامادەبوون. (( ضیاء حلمی )) لە تەرابزون مایەوەو ئەوان بە بەرگە گرتنی دژوارییەکی زۆر خۆیان گەیاندە باتوم.

هیچ پارەیەکی لە گیرفاندا نەمابوو لەبەر ئەوەی کە بیستبووی کە ئیتر لە روسیەی بۆلشەڤیکی پارە رواجی نییە گشت پارەی پاشەکەوتی خۆی خەرجکردبووو دابوویە گوندنشینەکان. بەڵام لە باتوم کاری نازم کیشایە فرۆشتنی پۆتینەکانیو پاش چەند رۆژ سەرگەردانی رۆیشتنە تفلیس. لیرەش ریکەوت یارمەتی پیکردن، لەگەڵ یەکیك لە ناودارانی تورك (( ئەحمەد جەواد ئیمرە )) کە چەند زمانی دەزانیو فیرگەری زانکۆ بوو ئاشنا بوونو ئارەزووی خۆیان بۆ رۆیشتن بۆمۆسکۆو خویندن لە زانکۆ لەگەل ویدا باسکرد. بەریکەوت لەو رۆژانەدا پیشنیاریك لە مۆسکۆوە بۆ (( ئەحمەد جەواد ئیمرە )) هاتبوو کە ئەویان بۆ وانە وتنەوە لە ((ئەنیسیتوتی رۆژهەڵات ی مۆسکۆ)) بانگەواز کردبوو. (( ئەحمەد جەواد)) لە وەڵامدا نووسی کە وی دوو هاوەلی لاوی لەتەکدایەو پیکەوە ((خیزانیکی کۆمەڵایەتی))یان پیکهیناوە. ئەم دوو لاوە ئارەزووی خویندنیان لە زانکۆی مۆسکۆ هەیە. لەبەر ئەوەی کە پیویستیان بە یارمەتی وی هەیە دەیەویت وان لەتەك بباتە مۆسکۆ. پیشنیارەکەی پەسەندکراوو خەرجی خویندنی نازمو ((والا)) دەولەتی شۆرشگیری سۆڤیەتی لە ئەستۆی گرت بەو مەرجەی کە لە رۆژانی پشووی زانکۆدا برۆنە گوندەکانو لە کیلگەکاندا کار بکەن.

## لە نۆزدە سالیدا خوینکاری زانکۆی مۆسکۆ

(( نازم )) و (( والا )) چوونە (( زانکۆی میلەتانی رۆژهەڵات)) لە مۆسکۆو لە بەشی زانستی سیاسیدا دەستیان پیکرد. لەم زانستگەیەدا خویندکارانی ولاتە جۆراوجۆرەکانی ئاسیا خەریکی خویندنو نازمو والا لەگەڵ وان پیشنیاری هاوەلیتی دادەریژن: (( ئیس جیب وەفا )) خەلکی هیندوستان، ((سی ــ یا ــ ئو)) خەلکی چین، (( لاهوتی)) هۆنەر خەلکی ئیران، ((سولەیمان رۆستەم ))ی هۆنەر خەلکە ئازەربایجان هەرە ناسراوەکانی ئەوانەن.

لەم نشینگە خویندنیەدا چوار کەس لە هەمووان زیاتر لەیەکەوە نزیکن کە زۆربەی کات ژیانیان پیکەوە بەسەر دەبەن: عابد عالیمۆڤ ( ناسراو بە پترۆسیان) کە کوری یەکێ لە موسولمانەکانی کریمەیە، چەند زمان دەزانێو بە تورکی وەکو زمانی دایکیی دەدوێو دەنووسیت. ئەو یارمەتییەکی زۆری نازم دەداتو لەگشت دژوارییەکاندا یارو یاوەری وییە. عالیمۆڤ هۆنراوەکانی نازم وەردەگیریتە سەر رووسیو دەبیتە هۆی ئەوەی کە وی لە کۆروکۆمەلی ئەدەبیدا ناوبانگ پەیدا بکات. لەبەر ئەوەی نازم لە گشت سەفەرو نیشتەجیبوونەکاندا لە گشت سەرگەردانیو گرفتارییەکاندا تەنیا شتیك کە هەرگیز فەرامۆشی نەدەکرد هۆنراوە وتن بووو خۆی دەلێ : (( بە ئەندازەی بارانیك کە بە دریژایی

سالّ لە مۆسکۆ باری هۆنراوەم وت)). بەلاّم عالیمۆڤ تووشی شیرپەنجە بووەو لە چەند مانگ زیاتر ناژی.

(( سی_یا_و )) خویندکاری چینی کە لە هەوای گەرانەوە بۆ چین‌و یارمەتی شۆرشی نیشتمانەکەیدایە. ئانوشکا کچیکی روسە سەربازەکانی ژەنرالّ ((کولچاك)) کە دژی دەولەتی شۆرشگیر دەجەنگان لەبەر چاوی باوکیان گوللەباران کردووەو کوشتویانەو دواتریش دایکی بە نەخۆشی تیفوس مردووە. سۆزو دلداریيەکی فراوان لەنیوان ئانوشکاو ((سی_ یا_ ئو))دا دبیّ بەلاّم ((سی_ یا_ ئو)) زۆرتر دلبەندی بیری رزگاری گەلەکەیەتی. لەبەر ئەوە وی بەجیدیلی‌و دەگەریتەوە چین‌و زۆر ناخایینیت هەوال دەنیرن کە داگیرکەرانی ولاّتەکەی ئەویان سەربریوە. عالیمۆڤیش بە شیوەیەکی‌تر دەچیتە ئامیزی مەرگەوە. شەویك وەك هەمیشە شادو خەندان دەچیتە کۆری دۆستانەی ئەوان‌و بیّ چاوەروانی باسی مەرگ دیتەپیشەوەو پاش سائەتیك لە کاتی چوونەخوارەوە لەبالاّخانەکەدا کە لە نهۆمی چوارەمدایە وەك هەمیشە مەحجەرەی پیپلیکانەکان دەگریّو بەرەوخوار خۆی دەخلیسکینیّ. پاش ساتیك هاوەلەکانی دەبینن کە لە رارەوی نهۆمی خوارەوەدا پەریشان‌و بی گیان کەوتووە.

(( ئانوشکا ))و نازم کە دلدارانە یەکتریان خۆشدەویست. تەنیا دەمیننەوە بەلاّم سیبەری (( سی_ یا_ ئو)) هەمیشە لەنیوانیاندایەو نازمیش کە وەك (( سی_ یا_ ئو)) دلبەندی گەرانەوەیە بۆ نیشتمان‌و رزگاری تورکیەیە تەنانەت لە بەرامبەر پیشنیاری ئاشکرای (( ئانوشکا)) بۆ هاوسەری لەگەلّ وی خۆی لادەدات.

لەم ماوەدا کچە تورکیك بە ناوی (( نەزهەت )) کە لە خزمانی دوورو ئاشنایانی بنەمالەی ئەوەو لە زانستگەی مۆسکۆ دەخوینیت لە نازم نزیك دەبیتەوەو ئاشنایی پیشوو دەگۆریّ بە خۆشەویستی‌و سەرەئەنجام دەبیتە هاوسەری. لەم کاتەدا نازم بیستویەك سالەیەو خۆی واتەنی (( دیویکی چاوشینە))ە کە ئارەزووی دیوئاسای لەسەردایەو ئارەزووی کچۆلەکە کە خانووەکی گچکەو باخچەیەکی پر لە یاسی زەردە ناتوانیت گۆری ئەم سەوداسەریانە بیت. سالیك ناخایینیت کچۆلەکە وی ئازاد دەکاتو دەگەریتەوە ئیستانبول‌و ئەمە کۆتایی یەکەم هاوسەری وییە.

هۆنراوەی (( دیوی چاوشین‌و ژنی ناسك نارنجی )) کەلەپوریکە کە لەم هاوسەرییە کورتماوەیەوە بۆ ئەدەبیاتی تورك جیماوە. ئەم هۆنراوەیەی نازم حیکمەت لە پلەی یەکەمدا نیشانەی پیگەین‌و

گەشەی تەواوی هۆنەرانەی وییەو نموونەیەکە لە هۆنراوە درەوشاوە سەرەتاییەکانی وی کە لەواندا ئاوازی موزیکی هۆنراوەی دیوانی لەگەڵ قسەی وتەی سادەی زمانی خەلکی تیکەڵ بووەو لە هۆنراوەی تورکیدا شیوازیکی تازەی ئافەراندووە :

**وی دیویکی چاوشین بوو**
**ژنیکی ناسك نارنجی ئازاردەر بوو**
**خەونی ژنە خانووەکی گچکە بوو**
**کە لە باخچەکەیا**
**چلە یاسی زەرد**
**گولی کردووە**
**دیو، دیوئاسا حەزی لی بوو**
**دەستانی دیو بۆ وەها کارگەلیکی گەورە**
**سازکرابوون**
**کە نەیدەتوانی خانووی گچکە بنیات بنیّو**
**دەرگەی خانوۆکەیەك بکوتیّ**
**خانوویەك کە لە باخچەکەیا**
**چلە یاسی زەرد**
**پشکوتووە**
**وی دیویکی چاوشین بوو**
**ژنیکی ناسك نارنجی دڵ ئازاردەر بوو**
**ژنیکی ناسك نارنجی بوو**
**دل شەیدای ئارامی بوو**
**لەنیوەی دریژەریی دیوا ماندوو بوو**
**لە دیوی چاوشین مالئاوایی کردوو**
**باسکی لە باسکی کورتەلەیەکی پولدارا**
**چووە خانووەك کە چلی یاسی زەرد**
**لە باخچەکەیا**
**پشکوتووە**

**ئیستاکە دیوی چاوشین چاك دەزانێ**
**خانووەك کە چلی یاسی زەرد**
**لە باخچەکەیا پشکوتووە**
**بۆ ئارەزووی دیو ئاسا**
**ناتوانێ تەنانەت گۆریش بێ**

لەبیرمان نەچێ کە نازم لەم گشتە ماوەدا بەشیوەیەکی بەردەوام لەگەڵ باوك‌و دایك‌و تاقە خوشکەکەی (( سامیە))دا نامە دەگۆریتەوە ... نامەکانی نازم حیکمەت دلگیرو سەرنجراکیشن. بەلاّم لە لەوێ نەبوونی وی‌دا باوك‌و دایکی جیابوونەوەو دایکی نازم (( جەلیلە خانم)) لە پاریس دەژیاو لەسەر نیگارکیشی بەردەوام بوو.

هەروەها لە کاتەدا شەرەکانی رزگاری لە تورکیە کۆتاییان هاتبوو. موستەفا کەمال پاشا لە هەموو بەرەکاندا لەوانەش بەرەی سیاسیدا سەرکەوتووو داگیرکەران ئیستانبولیان بەجیهیشت‌و ((ئیزمیر))یش لەلایەن لەشکری میللییەوە ئازاد کرا، رژیمی پاشایەتی هەلگیردراوەو دوا سولتانی عوسمانیش دەرکراو دەولەتی کۆماری تورکیە راگەییندرا.

موستەفا کەمال پاشا لە لایەن ئەنجومەنی گەورەوە وەك یەکەمین سەرۆك کۆماری تورکیە هەلبژیردراو نەتەوەی تورك نازناوی (( ئاتا تورك )) بە وی داوە.

نازم حیکمەت دریژە بە خویندنەکەی دەدات. لە دوا سالی زانستگەدایە کە لینین دەمرێ‌و وی بە نوینەری لە لایەن زانستگەکەیانەوە پینج دەقیقە لە تەنیشت تەرمەکەی لینین دا ئیشکگری دەکات :

(( لینینم نەدیوە، بەلاّم سالی ١٩٢٤ لەسەر تەرمەکەی ئیشکم گرتووە.))

دواجار سالیك دواتر، واتە لە سالی ١٩٢٥دا دەگەریتەوە ئیستانبول‌و بە باوکە پیرو خوشکەکەی کە لە خۆشی دوبارە بینینەوەی وی‌دا ئەشکیان دەباراند دەلیت : (( ئیتر هەرگیز لە ئیوە دانابریم. )) بەلاّم هیچکام لەوان لەو ساتەدا نازانن کە ئەمە سەرەتای دابرانەکانە.

نازم حیکمەت ئەو لاوەی پینج سال پیش نییە، ئالوگۆری جەستەیی‌و گیانی زۆر لەودا روویانداوە ئەم ئالوگۆرانە زیاتر لە هەموو لە هۆنراوەکانی وی‌دا بەرچاو دەکەون.

نازم یەکسەرە بە دوای هاتنەوەی بۆ ئیستانبول دەستدەکات بە بلاّوکردنەوەی هۆنراوەکانی‌و دەیەویت ئەوەی کە لە سەرزەمینی شۆرشگیری روسیەی سۆڤیەتی فیری بووە لە تورکیە پیادەی

بكات... لە گۆڤارو رۆژنامەكاندا هۆنراوە بڵاودەكاتەوەو لـە كۆنفراسـەكاندا بەشـداری دەكـات. كـاری سەرەكی وی بەشداربوونە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ((رۆشنبیران)) ( **Aydisnlik** )دا.

بەڵام كاردانـەوەكان دەسـتبەجێ دەسـتپیدەكەن... یەكـەمین ئاگاداكردنـەوە لــە دوورو نزیكــەوە بەرگوێ دەكەویت: دەپرسن كە چی دەویت ؟ پلەوپایـە ؟ ناوبـانگ ؟ پـارە ؟ هـەموو تواناییـەك دەتوانریت بخرینـە بەردەسـتی. بـەڵام بەمــەرجیك بەرامبــەر چینــی بنەماڵەكــەی خــۆی وەفــادار بمینیتەوەو لەبیری راپەراندنی چینە بیبەشەكانی كۆمەڵگەدا نەبیت. هـەمان رۆژانـی سـەرەتا ئـەویان لەگـەڵ هاوریكـانی لـە گـەرەكی هـەژار نشـینی (( قاسـم پاشـا)) بینــی لەســەر پردەكـە رۆژنامــەی سۆشیالیستی دەفرۆشت.

پاش ئاگاداركردنەوەو پلەوپایە خستنەبەردەم نۆرەی هەرەشەو گورەشە دیـت. بـەڵام نـازم گویـی نەداتە هیچ یەك لەمانەو ئاوریيان لیناداتەوە ... لە ئیستانبول رۆژ بەرۆژ فشار زیاتر دەبیتو نازم بـۆ ئەوەی كە بتوانیت سەربەستانە دریژە بە كاری خۆی بدات دەچیتە (( ئیزمیر )) ...

لەم كاتـەدا لـە ئیسـتانبول گرتنـەكان دەسـتیان پیكـردووەو سـەرئەنجام ئـەویش دەكەویتــە ژیــر چاودیرییەوەو نوسینو هۆنراوەكانی لە گۆڤارو رۆژنامەكاندا وەك بەلگەیـەك لـە دادگـەدا دەخرینـەروو خوازیاری سزای قورسی زیندان بۆ وی دەبـن. نـازم بـە خـۆی لـە ئیزمـیرەو خۆشـاراوانە دەژیـا. لـە ئیستانبول بەبێ ئامادەبوونی خۆی دادگەری دەكەنو بە پاودەساڵ زیندانی سزا دەدریت.

پۆلیس لـەدوی دەگـەرێ. لـە ئیسـتانبول ئابلۆقـەی مـالی بـابی دەدەن. بـاوكی دەگـرنو دەیبەنـە بنكـەی پۆلیـسو شـوینی خۆشـاردنەوەی نـازم لـە وی دەپرسـن بـەڵام شــتیكیان چنــگ ناكــەویت. خوشكەكەشی دەگرنو دەیكەنە ژیر لیكۆلینەوە، بەڵام هەر شتیكیان لە شوینی خۆشاردنەوەی نـازم دەستگیر نابیت.

لەم ماوەدا نازم بە نهینی لە ئەزمیرەوە دیتە ئیستانبول چەند رۆژیك لەلای دایكی دەمینیتەوە. بـە دایكی دەلیت : (( دایكە، منیان بە پازدەساڵ زیندانی سزا داوە، پانزە ساڵ پشت میلەی زیندان، لــە كاتیكدا كە هیچ خەتایەكم نییە، گەمژەتییەكی تەواوە. مەگەر مـن مرۆڤـم كوشـتووە، دزیـم كـردووە، نیشتمان فرۆشیم كردووە یان دژەخونیم لە نیشتمان كردووە ؟

(( هیچكام ! ئەوان دەیانەویت پانزەساڵ من بیدەنگ بكەن. بەڵام چونكـە تـاوانیكم نـەكردووە لەبەر ئەوە بە سزادانیكی وا رازی

نابمو هــەرگیز ملـی پینـادەم. ناچـارم لـە نیشـتمانەکەم رەو بکـەم ئیسـتاکە گویـم لـیرادیرە، تـۆ نیگارکیشی، کەواتە ئارایشیش شارەزای. باشە، ئیستاکە دەبیت دموچاوی من وەها بگۆری کـە نـەك تەنیا دوژمنەکانم، بەلکو دۆستەکانیشم نەمناسنەوە.))

(( جەلیلـە خـانم )) تـەواوی هونـەری لـە گۆرینـی دەموچـاوی وی‌دا بـــەکار دەهینیــت. نـــازم بـــە دەموچاوی تازەیەوە، بە پەلە مالئاوایی لە دایکی کـردو شـەوانە بـە بەلـەمیکی مۆتـۆردار کـە بـەپیی بریاریکی لەپیش دراو چاوەروانی بوو لە ریگەی بوگاز وە دەریایی رەشی بری‌و لەویوەش بە کەشـتی چووە روسیە.

نازم حیکمەت دووسالی‌تر لە مۆسکۆ مایەوەو لەم ماوەدا بە لیـبراوی تـەواوەوە، شـەورۆژ بـەکاری هۆنراوەو شانۆو رۆمان نووسیییەوە خەریك بوو. لەم کاتەدا لەگەڵ (( موحسین ئۆرتغرل )) یــەکیك لـە پیشرەوان‌و ئامادەکارانی شانۆی مۆدیرنی تورك کە دەرهینەریکی گـەورەو هونەرمـەندیکی بـە بایـەخ بـوو ئاشـنا بـووو ئـەم ئاشـنایەتییە دواتـر لـە تورکیـە بـووە هـۆی هاوکـاری ئـەم دوانـە ((موحســین ئۆرتغرڵ)) یەکەمین کەسیکە کە شانۆییەکانی نازم حیکمەتی لە تورکیە بردە سەر شانۆ.

نازم لەم ماوەدا لەگەڵ دووەمین هاوسەری (( لینا )) کە پزیشك بـوو ئاشـنا بـووو هاوسـەری کـرد. کاتیك لە تورکیە یاسای لیبوردنی گشتی پەسەندکراو ئەم یاســایە تـاوانی سیاسیشـی گرتـەوە، نـازم لەلایـەن بنەمالەکەیـەوە پیـی راگـەیینرا کـە ئـەو یاسـایە ئـــەمیش دەگریتـــەوە، ئـــەویش بریـــاری دا بگەریتەوەو ویستی هاوسەرەکەشی لەگەڵ خۆیدا بەریتە تورکیە، بەلام رووبەرووی گـیروگرفت گـەلیك بوو کە یاسـا زالـەکانی ئـەوکات لەسـەر ریگـەی وی دروسـتی کردبـوون. ناچـار نـازم خـۆی بـە تـەنیا گەرایەوە نیشتمان. بەلام سەرەرای یاسـای لیبوردنـی گشـتی، لەگـەل ئـەوەی کـە پیـی نایـە خـاکی تورکیەوە لەسەر سنوور لە گوندی ((هوپ)) گـیراو زنجـیر لەدەسـت رەوانـەی زینـدان کـرا. لـە کـاتی گرتنیدا گیرفانەکانیان پشـکنی‌و پارچـە کاخـەزیکیان دۆزیـەوە کـە نـازم یـەکیَ لـە دوا هۆنراوەکـانی بەنیوی (( لــە خـەونی هراکلیـت دا )) تیـدا نووسـیبوو. لـەو سـەردەمەدا هەرچـەندە یاسـای گۆرینـی رینووس پەسەند کرابوو بەلام خویندن‌و نووسین بە پیتی لاتینی بـە تـەواوی لـەناو خـەلکدا گشـتیتی پـەیدا نـەکردبوو. نـازمیش هیشـتاکە هۆنراوەکـانی بـە پیتـی عـەرەبی دەنووسـین. لـەم رینووســـەدا ((هراکلیت )) بە شیوەی (( هراقلیت)) دەنووسریت‌و لیپرسراوی لیکۆلینــەوە بـە وەهـا نـاویك ئاشـنا

نەبوو بە تورکی خویندبوویەوەو بە خەیالی خۆی باشترین بەلگەی تاوانبــاری نــازمی بەدەستهیناوەو لە راپۆرتەکەی خۆیدا نووسی : (( ئەو لە بیری گشت کەمە نەتەوەکاندایەو دەیەویت رایان پەرینێ.

نازم هــەولیدا ئــەم لیپرسـراوە بیـانوودارو پیداگرە تیگــەیینیت کــە ((هراقلیــت)) فەیلەســوفیکی یۆنانیيە بەلام ئەم رونکردنەوەیــە گومـانی لیپرسـراوەکەی زیـاتر کـردو لـە راپۆرتەکـەی خۆیـدا ئـەم رستەیەشی زیاد کرد: (( لە گشتی گرنگتر ئەوەیە کە دەیــەویت (( کەمــە نەتــەوەکانی)) یۆنـانیش لـە دەولەتی ناوەندی یاخی بکات! ))

زیاتر لە دوو مانگی خایاند تا لیپرسراوانی یاسـا بابــەتی (( هراقلیـت))و ((هراکلیـت))یـان بـۆ روون بـووەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا نازمیـان بـە کەلەپچـەوە نـاردە ئانکـاراو هـەرواش زیندانــی کـرا. بــەلام چاپکراوەکان بابەتەکەیان بلاوکردەوەو رەخنەی توند لە دەولەت گیرانو زیندانــی کردنـی هۆنـەریکی ناسراویان بە لە ئارادا بوونی یاسای لیبوردن بە نارەوا لەقەلەم دا.سەرئەنجام دەولەت ناچار بوو نازم ئازاد بکات. ئەو هاتە ئیستانبولو پاش چەند رۆژ پشوودان کەوتە هەولو دەسـتی بـە بلاوکردنـەوەی هۆنراوەکانیو نووسینی شانۆییو رۆمانو وتار لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا کرد.

سالی ١٩٢٩یە. شەشەمین سالرۆژی دامەرزرانی کۆماری تورکیەیە بەلام پادشایی خوازانی کنەکردو ئاغاکان لە جیی خۆیاندا ماونەتەوە. دەولەت بووە بە کۆماری بەلام بـیری کـۆنو رزیـو هیشـتا لـەنیو نەچووەو لە وەها باریکدا هۆنراوەو نووسینەکانی نازم حیکمەت ئـەوان دەخەنـە ژیـر لیـدانو فشـاری قورسەوەو دەبیتە هۆی ئەوەی کـە وان کاردانـەوە نیشـان بـدەن: قەلەمـەکانی ((بابعـالی)) دەکەونـە گەرو نازم دەکەویتە رووبەرووبوونەوە. لیرەدایە کە ساتیرەکانی نازم حیکمەت یــەك لـەدوای یـەك لـە بەشــی ســاتیری (( فیرگــەرانی بــاوەرداری ئــەدەبی)) و ســەرۆکانی (( ســەنگین ))ی ئەنجومەنــە ئەدەبیەکاندا بلاو دەکرینـەوەو دەمـامك لەسـەر روی قسـەرازینەرانی کۆنەپەرسـتو هۆنـەرانی بـەناز پەروەردە لادەدات. ساتیرەکانی نازم بەخۆیان لە شاکارەکانی هۆنراوەی تورکیەن.

یەکەمین پەرتووکی نازم حیکمــەت بـە نیـوی (( ٨٣٥ دیـر )) لـە سـالی ١٩٢٩دا بلاوکرایـەوەو ئـەو هۆنراوانەی دەگرتەخۆ کە کە لە سالی ١٩٢٢تا ١٩٢٨ هۆنرابوونەوە. لــە بنـەرەتدا پەرتووکەکـە نـاوی ((گۆرانی هەتاونوشان )) بوو. ئەم پــەرتووکی چوارچیـوەو نـاوەرۆکیکی تـەواو نویـی بـۆ ئـەدەبیاتی تورکیـە ئـافراند. لەبـەر ئـەوە ریسـا باوەکـانی لـە ئـەدەبیاتی هۆنـراوەدا تیکوپیکــدا. زمـانو بـیرو چوارچیوەیەکی

تـەواو نـوێ بـوو. لاوان بـە شـەیداییو تامەزرۆییـــەوە ئـــەم پەرتووکـــەیان دەستاودەســت دەگــیرا. هەراوهوریایەك كە ئەم بەرهەمە لە كۆروكۆمەلی هونەریدا بەرپای كردبوو هیشتاكە دانـەمركابووەوە كـە دووەمـین پـەرتوكی ((نـازم )) بلاوكرایـەوە : ژو كوندوسـی_ یـا_ و ...)) لەســەرەتای لاپـــەرەی یەكەمی پەرتووكەكەدا نووسیبووی : " بەیادی هاوەلم (( سی_یا_و ...)) كە لە شانگهای سەریان لـە لەشیان جیاكردەوە ... "

لەگەڵ ئەم گشتەدا نازم بیكار بووو لـە دووی كـار دەگـەرا. بـەلام لـە هیـچ جییـەك كاریـان بـە وی نەدەدا؛ نە لە فەرمانگە دەولەتییەكاندا نە لە كەرتی تایبەت. باوكی بوو بـووە بەریوەبـەری سـینەماو دەرامەتیكی وەهای نەبوو. ژمارەشیان لە مالەوە زۆر بوو، چونكە حیكمەت بیگ پاش جیابوونـەوەی لە جەلیلە خانم دوبارە هاوسەری كردبووو لە هاوسەرە تازەكەشی دوو منالی هەبوو.

سەرئەنجام بە كۆششی (( والانورالدین)) لە گۆڤاری (( مانگی وینەگر))دا كاریكیان بە نازم دا.

سالی ١٩٣٢. نازم لەلایەك هەروا خــەریكی نووسـینی هۆنـراوەو بلاوكردنـەوەی بـیرو بەرهەمـەكانی خۆیەتیو لەلایەكی ترەوە لەگەڵ فیرگەرانی كۆنەرازینەر شەرە خامەی خۆی دریژە پیـدەدا. ئیـتر لـە هەموولایـەك ئـەو وەك هۆنـەریكی گـەورەو رەسـەن دەناسـنو پەرتووكـەكانی، كۆمەلـە هۆنراوەكـانی بلاودەبنەوەو لەم سالانەدا رۆمانیك بەنیوی (( بنرجی بۆچ خۆی كوشت ؟)) چاپ دەكات.

لەم سالەدا باوكی نازم دەمریتو نازمو خوشكەكەی ناچار دەبن خانووەكی تر لــەدەرەوەی شـاری ئیسـتانبول بـەكرێ بگـرنو لـەویدا بـۆ گوزەراندنـی ژیـان خـەریكی كشـتوكاڵ بـن. نــازم، هاوســەری خوشكەكەی كە لە شـاروچكە كـار دەكـات بـانگ دەكاتـە لای خۆیـان كـە بیـت لـە كـاری كشـتوكالدا یارمەتیان بدات. لەدەرەوەی خانووەكـەدا كیلگەیـەك هەیـە كـە بـۆ چـاندنو كشـت ئامـادەی دەكـات ((پیرایە))ش لەگەڵ وانەو نازمو پیرایە هیشتا هاوسەریان نەكردووە هـەمووان لـە بەیانییـەوە تـا شەو پیكەوە كـار دەكـەنو شـەوانیش پیكـەوە دادەنیشـنو بـە جەسـتەی مـاندوو بـەلام دەروونیكـی شادەوە قسەوباس دەكەنو نەخشە بۆ داهاتوو دادەریژن. بەلام ئەم ئارامیو شادییە زۆر ناخایینێ.

لەم رۆژانەدا جاریكیتر بگیر بگیری رۆشنبیرانو ئازادیخوازان دەستی پیكردووەتــەوە، رۆژیـك بەسـەر مالەكەیاندا دەدەنو نازمیش دەسـتگیر دەكـەنو ئـەمجارە داوای لـەیدارەدانی وی دەكـەن. هەلبـەت هیشتاكە بەلگەیەك لەدەستدا نییەو بەلام پــەرتووكو نووسـینەكانی نـازم كـە چـاپو بلاوكردنـەوەیان ئازاد بوو وەك بەلگە لە دادگە دەخرینە روو.

# خاتە سوور و حەمەتاڵ

پلە خاتوون، بیستگمە ئیژن: دوو دەولەتەکەی کوردان لە کوردستانی عیراق، جاریکیترلەشکری تورکیەیان هیناگەسۆ و لەویش دەمینیتەوە تاوەکو ئاشتی لە ناوچەکەدا بەرقەرار بیو دەستی دوژمنانی کوردیش کۆتاکەن، رەنگە پارتی بیکا، بەلاٚم مامەی کوردستانی بۆ؟!

**خاتەسوور** :

فەرقیان چییە
سەگ خویری و
گورگی هار
کاتیٚ لە پر
کەلبە دەنینە جەستەی
ئیمەی هەژار
بۆ تەختی پاشایەتی
.. ملهوری چینایەتی
زۆری کۆشک و تەلاٚر
بۆ وان قەیدی چییە
وشک بیٚ هەناومان
پاش هەر شەریکی نارەوا
بۆ دابەشی دەسکەوتەکانی شەر
دانیشنەوە لەسەر
سفرەی بیٚ رەونەق و خالیمان
ئەوان هەردەم برای شیری یەکبوون
چ لە شاخ و چ لە پارلەمانا
چ ئەوکاتەش، کە تورەو دەست لە چەک بوون
لەبیرت چوو کورم
چەند سالیٚ، چەند مانگیٚ لەمەوبەر
ئەو دەمەی کە لەشکری گورگان
لە برایم خەلیل کردیانە ئەمبەر
مل کەچ بوون، دەست بە سنگەوە
بەرەوپیری چوون ..
سەرۆکانی نیشتمان پەروەر
ئیتر بۆ پیت سەیرە
کاتیٚ کە گورگ لە کاروانی ئاشتییا
کۆتری ئاشتییە و ناوبژیکەر
تا بینیتە کوردستان، کلاٚو شین و جەندرمە
بۆ پاریزگاری لە ستانی کوردان
هەلدەن مۆلگە، لە سەفین و سەگرمە

لالۆ حەمە، شنەفتگمە مامۆ جەلال رۆیگەسە لای کاکە و دەەستی لە ملی کردگە و وتگیەسی بیرۆ براله بابیریٚ لە حالی خۆمان کەینۆ، لەورەەشۆ چووگەسە خزمەت بلند ئەجەوید، هەرچەندی تەماشا دەکەم حەمەگیان ئەم ماسە بیٚ موو نییە تۆ ئیژی چە تو سەری پلە خاتوون زوو وەلاٚمم بەرۆ!

**حەمەتاڵ** :

من تالە بانيم
مامى كەردانم
وەزوانى ئيوە قوربان :
عەمجەى توركانم
چيتان لۆ بيژم
بەسەرهاتم فرەس
تا وە تەن لۆتان هەلريژم
كوردايەتىو جاشايەتى
دۆستايەتىو دوژمنايەتيم زۆرە
گەر ميژووى ئيوە رەش بى
هى بەندەش قوربان گەلەگ مۆرە
خرەلەو سياسەتباز
عاشقى قەل بووم
وەك گورگ و ريوى هەردەم
عەودالى هەل بووم
چيتان بۆ بيژم، خەيالم زۆرە
زوان فرە دەزانم
فرە خۆشە دەنگم
چيتان لۆ بيژم :
سياوچەمانە يان لاوك و هۆرە
وەك خۆتان دەزانن قوربان
كاتى كە لاوبووم
شەيداى سەرۆكايەتىو
پارەو ناو بووم
لە گۆمى ليلى پارتايەتيا
هەردەم خەريكى راوبووم
وچانم نەوو قوربان
نە بە رۆژو نە بەشەوان
چ لە بە غدايى چ لە هەندەران
دوژمنم يەك بوو دۆستم هەزاران
كۆرەكم دروستكرد بۆ فريوى كارگەران
دوام دەكەوتن وەك جوجكە وە مامە مامە
وە كوشتنم دەدان وەك داشى دامە
رۆژى لە بەكرەجۆ رۆژى لە تاران
كورە شاهى بووم لۆ خۆم لە ئيران
خاسم را دەبوارد لەشار هەمەدان
قانگيدام نەيهيشت، ئاغاكەى بارزان
راوى نامەوە بۆ كۆنە هەواران
تيم قوچاندەوە بۆ بەكرەجۆ
وەزوان عارەوى ئاشتى كردمۆ
شيخى عەرەبان نەيكردم رەنجەرۆ
پيى فريدام پشتينو چۆخەو رانك
لە شيمال وەتەن كردميە شۆفير تانك
وا ئيستاش هاتگمە خزمەت ئەنگۆ
بەبى جەندرمەو تانك قەت ناگەريمۆ
روو زەردم مەكەن حالم شپريوە
پيرى شەو قوربان خەونم بينيوە
پيويستان پيمەو دەست نانين بەروومۆ
لەبەر خاترى ئەنگۆ قوربان
سەردانى كاكە دەكەم هەركاتى چوومۆ

# خشتەك

**تیبینــــی: لەپركردنـــەوەی ئــــەم خشتەكەدا هەموو بنەمایەكی ریزمانی كـوردی لەبــەرچاو گـیراوون، بــەپیی رینووسی هــەلبژیردراوی ئەم گوڤـاره تــەنیا نیشــانەی" "ی پیتـــەكانی (ر،و،ی)نـەبیت، كە بەشــیوەی(ر،و،ی) نووسراون.**

## ئاسۆیی ☞

١-هـەر پیتیـك- هـەر پیتیـك- تیره.

٢- بیدەنـــگ- پیشـــگری وەك یەكبوون- پاشای كوردان- (تۆ) بە ئینگلیزی نووسینی كوردیژ

٣- پیشـــەوای قوتابخانـــەی سوریالیزم(پ)-داریكی بیبەر.

٤- هەر پیتیك.

٥- ...

٦- مەبلـــەغ- تیزمـــالیكی هۆنراوە لـە چوارچیوەی عـەبای دەدورن (پ).

٧- راناوی سییەم كەسی تاكی نادیار- دەنگی بای توند.

٨- بـیردۆز- ســـەرگەردانی- خویَ (پ).

٩- لاسكی وشكەوەبووی گەنمو جـۆ- دۆلاش (پ)- ســـەردار- (میو)ی سەرلیشیواو.

١٠- ئامرازی رەتكردنەوەی شتیك- ژمارەیەك- سنگو بـەرۆك (پ).


١١- وینەكیشی فەرەنسی خاوەنی تابلۆی چرنیكا.

١٢- (زاوا)ی سـەربراو!- نەتەوەیـەك كـە دەولـەتی ئیسـلامی عوسمانییەكان ملیۆنو نیویك كەسی لی كوشتوبر كردن.

١٣- بادام.

١٤- هاریكاری.

١٥- هە پیتیك- بنۆس نانی لەسەر دەخوریَ.



**خشتەكی ژمارە (٩)**

# ستوونی

راناوی یەکەم کەسی تاك ( پ )- را پەرین.

ئـــامرازیکی پرســـین بـــاو -
هەرپیتیك.
هەر پیتیك- زمانلووس- ئاوا ( پ )

نەخیر( پ ) رینوینی + پیتیك.
وینەکیشیکی فەرەنسی.
راناوی دوونم کەسی تـاك ( پ )- نـادی،
کلوب.
لەرزو ( پ ).
مرۆڤ- باوەر کن.
چالی ئاو ( پ ) لافاو ( پ ).
ریگـە ( لیـك )ی دوابـراو!- ئـامرازی
گەیاندنی ئایینده ( پ ) ( مار)ی
کللك براو !( پ ).
گرتنـی بـە کۆمـەڵو لـە خـۆرا- وشـەی
دەفرایەتی- ( زری )ی بیسەر !
گوند ( پ )- بیهیزی روبار ( پ ) .
شاعیر- هاوریگەم.
بولەرزە.

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | ی | ر | ه | ئـ | | چ | | چ | | ك |
| ٢ | | | | | | ه | ه | و | ا | | ا | ر | | م | ا |
| ٣ | ج | و | ر | چ | | ر | م | ا | ن | | د | ا | ل | ا | س |
| ٤ | ی | ر | ا | ی | | د | | | ا | | | | ه | ر | |
| ٥ | م | ك | ك | ك | | | | | ك | ا | م | | ب | ی | |
| ٦ | ئـ | ا | ش | و | و | ب | | د | و | | ل | ا | ر | ا | |
| ٧ | ا | ر | ا | س | ا | و | | | ن | | | | | | |
| ٨ | ل | ه | ی | ل | | ل | ی | و | د | ی | ن | ش | ا | ی | د |
| ٩ | ن | | ن | و | | گ | و | ر | ا | ن | | ا | ر | ا | ت |
| ١٠ | | ل | | و | | ا | | | | | | ر | و | ن | م |
| ١١ | س | ا | و | ا | | ر | ی | و | ی | | | ه | د | ا | ی |
| ١٢ | ی | | ا | ك | | س | ا | ن | | ك | | ز | | | ن |
| ١٣ | س | | ژ | ی | | ت | ل | | د | ی | | و | | | ا |
| ١٤ | ر | | ه | ا | ن | ا | | ل | ی | و | | و | | و | ه |
| ١٥ | ك | | | | و | ن | | | | | | ر | | | |

**پرکراوەی خشتەکی ژمارە ( ٨)**

**خەڵاتی براوەی ئەم خشتەکە، چوار ژمارەی گۆڤاری ژیلەمۆیە واتە ئابوونەی سالیك بەشداری، تکایە پرکراوەی خشتەکەکە بە ئادرەسی پۆستی ژیلەمۆ بەری بکەن.**